# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


خەباتی خوێندکاران بۆ دەرماڵەو خزمەتگوزارییەکان و باشکردنی بەشە ناوخۆیەکان، لە ئێستادا جیاناکرێتەوە لە خەبات بۆ ئازادکردنی سەرجەم گیراوەکانی بزوتنەوەی خوێندکاران....


ساڵی پێنجەم ژمارە(111) بەرواری 1-12-2021 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## وتەی ژمارە

## خۆپیشاندانی خوێندکاران وەک بەشێک لە بزوتنەوەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی...

چەند رۆژی رابردوو، کۆمەڵگەی کوردستان گەواهیدەری هاتنەمەیدانی بزوتنەوەی خوێندکاران بوو. بزوتنەوەیەک کە بەریزی دەیان هەزارییەوە هاتە مەیدان و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تری کۆمەڵگەی کورستانیش پشتیوانیان لێکرد.



خۆپیشاندان و هاتنەمەیدانی خوێندکاران بۆ خواستی دەرماڵە کە لەساڵی ٢٠١٤وە بە پاساوی نەبوونی بودجە بڕدراوە، لەگەڵ خواستی چاککردنی بەشە ناوخۆیەکان و زامنکردنی خزمەتگوزاری زۆر سەرەتایی و رەوا، خواستێکی زۆر سادە بوو، لەناو دڵی دەیان خواستی جەماوەریدا کە چینی کرێکار و جەماوەری بیبەش، هەیانە.

بێدەربەستی دەسەڵاتی سیاسی لەوەڵامدانەوە بەسەرەتاییترین خواستەکانی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش لەوانەش خواستی زۆر سادەی خویندکاران، لەکاتی خۆیدا نیشانەی ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە نەک هیچ رایەڵ و پۆیەک و پەیوەندیەکی تەندروستی بەهیچ کام لە بەشەکانی کۆمەڵگە نەماوە، بەڵکو بەکردەوە کەوتۆتە بەرامبەر بەبەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەو داواو داخوازییەکانیان.

لەوەش زیاتر کاردانەوەی زەبر و دەستبردنی دەسەڵات بۆ هەموو شیوازەکانی سەرکوت و توندوتیژی بەرامبەر بە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەبەرامبەر هینانە گۆڕی داخوازییەکانیان، بەناچار جەماوەری بیبەشی کوردستان رق ئەستورتر دەکات و شێوازەکانی خەباتی دەباتە ئاستێکی باڵاترەوەو ڕیگایەک بۆ گەرانەوەی ئەو بزوتنەوەیە بەرەوخامۆشی یان راوەستان ناهێڵێتەوە.

بزوتنەوەی خوێندکاران لەپاڵ دەیان بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی تردا، لەخۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆتی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، لە موچەخۆاران و کارمەندانەوە بۆ مامۆستایان و وانەبیژان، تا دەگاتە خانەنشینان و شوفێران و کەم ئەندامان و خەڵکی گەرەک و ناوچەکان بۆ خزمەتگوازرییەکان و پیداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، بزوتنەوەیەکی یەکجار گەورەی کۆمەڵایەتییە کە سەرپای

بۆ لاپەڕە 2

## دەبێ دەست بەجێ و بێ قەیدو شەرت سەرجەم گیراوەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی خوێندکاران ئازاد بکرێن...



خۆپیشاندانی خویندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان، لە پێناو گێرانەوەی دەرماڵەی دزراو و باشکردنی دۆخی خراپی بەشە ناوخۆییەکان و خواستی باشکردنی خزمەتگوزارییەکان... رووبەڕوبۆوە لەگەڵ سەرکوت و داپلۆسینی چاوەروانکراوی هیزە ئەمنیەکان و بەڵتەجیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی.

شارەکان و زانکۆ و پەیمانگاکان کرانە سەربازگە و میلیتاریزە

بۆ لاپەڕە 3

## کرێکارانی کشتوکاڵی ئەسفەهان بۆ ئاو و ژیان دێنە مەیدان

لە درێژەی کۆبونەوە و مانگرتن و رێپێوانی بەردەوامی کرێکاراندا لە دەیان شار وناوچە و کارگەو کارخانە و ناوەندەکانی بەرهەم هێناندا، هاوکات کرێکارانی بەشی کشتوکاڵی لە ئەسفەهان بەدژی بێ ئاویی و بێدەربەستی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ماوەی چەند رۆژێکە دەستیان داوەتە مانگرتن و کۆبونەوەو خۆپیشاندان. بێ ئاوی کاریگەری راستەخۆی لەسەر کاری کریکارانی بەشی کشتوکاڵی هەیەو بەهۆیەوە جوتیاران دەستیان داوەتە نارەزایەتی دەربڕین. هاوکات لەگەڵ ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیەدا



بۆ لاپەڕە 3

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* هۆکاری نارەزایەتی هاوپەیمانی فەتح لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان چییە؟.......ل3
* سیستەمی سەرمایەداری پاڵنەری توندوتیژیەکان لەدژی ژنانە.................ل4
* نە کۆچکردن چارەیە بۆخەڵکی کوردستان و نە دەبێ کۆچیشی پێ بکرێت.. ل6
* خەباتی شەقام بەگەشەدانی خەباتی چینایەتی سەرکەوتوو دەبیت..........ل10


### دۆسیەی ژمارە" عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکان"



بەڕێز دانا ڕەشید چالاکوانی مەدەنی وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەی داوەتەوە


پرسی ڕۆژ ل5 | پرسی ژن ل7 | گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9




## درێژەی وتەی ژمارە

کۆمەڵگەی داگرتووە. هەموو ئەو نارەزایەتیانە بەرەو تیکەڵ بوون و یەکانگیر بوون دەچن.

دیارە هاتنە مەیدانی خویندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان، و پەیوەست بوونیان بە بزوتنەوەی بەش و توێژەکانی تری کۆمەڵگەوە، وەرچەرخانێکی گرنگە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدا بەدژی دەسەڵات. بزوتنەوەی خوێندکاران لە هەموو سەردەمەکاندا کاتێک هاتۆتە مەیدان ئاڵوگۆڕی گەورەی بەدوای خۆیدا دروست کردووە، لەسەردەمی بەعسدا بەشیکی زۆری زانکۆ و پەیمانگاکان کوانوی و ناوەندی سیاسی بوون بەدژی دەسەڵاتدا، خۆپیشاندانی خویندکاران لە سالی ١٩٨٢ شاری قەڵادزی کەدواتر سەرجەم کوردستانی تەنیەوە، هاوسەنگی هیزی لەبەرامبەر بەعسدا گۆڕی و تەکانێکی گەورەی بە بزوتنەوەی دژە بەعسیزم دا. خۆپیشاندانەکانی ئەم رۆژانەی رابردوو بەهەمان شێوە سەرەتای دەورەیەکی نوێیە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدا بەدژی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، تۆکمەکردنی خەباتی نەپساوەی جەماوەرییە.

دەسەڵاتی سیاسی هەر بەو هۆیەوە کە هاتنە مەیدانی خویندکاران بە ئاڵوگۆڕێ گەورە دەزانێت بەرامبەر بە پێگەو دەسەڵاتەکەی، بۆیە زۆر بەتوندی کەوتە بەرامبەری و هەرچی لەدەستی هات لە یەکەمین ڕاچەنینی خوێندکاراندا بۆ خامۆشکردنەوەی بەدەستیەوە گرت... لە فریوکارییەوە بۆ تێکدان، لەبەکارهێنانی ئاوەوە بۆ غازی فرمیسک رێژ، لە لێدان و شەق وەشاندنەوە بۆ رفاندن و گرتنی سەدان کەس و راپیچکردنیان بۆ زیندانەکان. هاوکاتیش لەژێر گوشار و لەترسی بەرینتربوونەوەی نارەزایەتیەکان، دەسەلات ناچار بوو لەسەر ئاستی باڵای حکومی و حزبیدا، بێتە سەرخەت و گفتوگۆ لەگەڵ خویندکاران بکات و بەڵینی باشکردنی ژیانی خوێندکارانی کەم دەرامەت و چاككردنی بەشەناوخۆیەکان و دابینکردنی بەشێک لە خزمەتگوازرییەکانیان بدات. کە ئامانج لەو دانیشتن و بەڵێنانە، بەر لەهەموو شتێک بۆ خاوکردنەوەی نارەزایەتیەکان و بەرگرتن بە تەنینەوەی بوو، بۆ ئەوە بوو ریگە لەوە بگرن بەشەکانی تری کۆمەڵگە پێیانەوە پەیوەست بن... بەتایبەتیش کە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکە سەراسەری بوو، واتە هەردوو زۆنی دەسەڵاتی گرتبۆوە.

ئێستا ئەم بزوتنەوەیە تاڕادەیەک لەشەقامدا خامۆش بۆتەوە، بەڵام تورەیی و نەفرەتی خوێندکاران بوو بەبەشێک لە بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی تر کە بەدوای ١٧ شوباتەوە، رۆژ بەرۆژ لە هەڵکشاندایە و هەنگاو بەهەنگاو خاراوتر دەبێت، ئەزموون پەیدا دەکات، بەرەو ریکخراوبوون دەڕوا، خۆشباوەری بە رەوتە فریوکار و ئۆپۆزیسیۆنە بودەڵەکان و ئەندام پەرلەمانە تەسەلە دەم گەرم و مادام العمر موچە چەند ملیۆنیەکانیان رەویوەتەوە. تەلیسمی ترس و تۆقاندن بەرەو شکان چووە.

نارەزایەتی خویندکاران تەنها لە خواستی دەرماڵەو باشکردنی خزمەتگوزارییەکان و چاككردنی دۆخی بەشە ناوخۆییەکان کۆناکرێتەوە، بەڵکو هاوکات بەشیکە لەو بزوتنەوەی کۆمەلایەتیە فراوانەی بۆ ڕامالینی دەسەڵاتی سیاسی ئامادەیی هەیە و لەپەرەسەندندایە.

ئەوە رۆشنە هەموو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە هەلومەرجێکدا کە خواستی راماڵین ئامادەیی هەبێت، ئەگەر بۆ داواکاری زۆر سادەو خواستی بچوکیش بیتە مەیدان، پەیوەست دەبێتەوە بەهەمان رەوەند و خواستی راماڵینی دەسەڵات. بۆیە بزوتنەوەی نارەزایەتی خویندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان، دابڕاو نییە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری.

لەنیوان بەڵێنی دەسەلات و خواستی رەوای خویندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکاندا، مەودایەکی زۆر هەیە. دەسەڵات هەمیشە لەژێر گوشاری هاتنە مەیدانی جەماوەرییدا، بەمەبەستی خاوکردنەوە و پاشەکشەپیکردنی بەڵێن دەدەن بەڵام دواتر شانی خۆیان لە جێبەجیکردنی بەڵێنەکانیان دەدزنەوە. بۆیە ئەگەر خویندکاران و رابەرانی لەدریژەی خۆپیشاندانەکانیاندا، پیداگری نەکەن و گوشارەکانیان ئیدامە نەدەن، جێ بەجێکردنی خواستەکانیان بەشوێنێک ناگات.

مەسەلەیەکی تر کە زۆر گرنگە و زامنی سەرکەوتنی سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە، رێکخراوبوونە. خویندکاران بۆ سەرکەوتنیان و بەدەستهێنانی داخوازییەکانیان و بەرگری لە مافەکانیان، پێویستیان بە رێکخراوبوونە، پێویستیان بەرێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان هەیە، ریکخراوێک کە خواستی هاوبەشی خویندکاران و بەرژەوەندیەکانیان بە بێ گویدانە بە ئینتیمای سیاسی و حزبی و بیروباوەر لەبەرچاو بگرێت و مەبناکەی بەرگری لە خواستەکانی خویندکاران و مافەکانیان بێت. هاوکات لێک هەڵپێکانی بزوتنەوەکەیان بۆ خواستەکانیان لەگەل بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر لە پێناو خواستەکانیاندا، بزوتنەوەی نارەزایەتی لە ئاستی سەراسەریدا بەهێزتر و گەورەتر دەکات و هێز دەبەخشیت بە تەکانەکانی داهاتوویان.

بزوتنەوەی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان، بەشێکە لەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە فراوانەی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە. هیچ بزوتنەوەیەکیش بەتەنها و بەبێ پشتیوانی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی تر ناتوانێت بەسەرکەوتن بگات و ئاستی خواستەکانی فراوانترو هەمەگیر بکات.

رابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی خویندکاران لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا، پیویستە بە نەخشەوە هەنگاو بنین و لەژێر پەرچەم و ئاسۆیەکی رادیکاڵ و شۆرشگێرانەدا و بەشیوەی ریکخراو رەوتی بەرەوپیشەچوونی خەباتی هەقخوازانەیان، بگرنە بەر.

**کۆتایی نۆڤەمبەری ٢٠٢١**

## لە بۆپێشەوەوە

**● بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

**● بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بلاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بلاّوبوبێتەوە.**

**● بابەتی بلاّوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بلاّوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بلاّوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بلاّوبۆتەوە.**

**● درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بلاّوبونەوە لەدەست دەدات.**

**ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە**

**● هیچ بابەتێك بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

**● بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**

**ئەوە رۆشنە هەموو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە هەلومەرجێکدا کە خواستی راماڵین ئامادەیی هەبێت، ئەگەر بۆ داواکاری زۆر سادەو خواستی بچوکیش بیتە مەیدان، پەیوەست دەبێتەوە بەهەمان رەوەند و خواستی راماڵینی دەسەڵات. بۆیە بزوتنەوەی نارەزایەتی خویندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان، دابڕاو نییە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە پێناو راماڵینی دەسەڵاتدا ...**

## درێژەی...دەبێ دەست بەجێ و بێ قەیدو شەرت سەرجەم گیراوەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی خوێندکاران ئازاد بکرێن...

کران، خوپیشاندەران کەوتنە بەر هیرشی توند و تیژ و دڵرەقانەوە. لە سوکایەتی و لێدان و شەق وەشاندنەوە، بۆ ئاوپژین و رشتنی غازی فرمیسک ڕێژ، تا رفاندن و دەستگیرکردنی سەدان خویندکار و چالاکوان و هەڵسوڕاوی سیاسی.

چوار رۆژ خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین، بۆ خواستی زۆر سادە، هەزاران سوکایەتی و شەق وەشاندن و تۆمەتی بەدوای خۆیدا هێنا، دەیان کەس رفێندران، بەسەدان کەس زیندانی کران، کە تائێستاش ژمارەیەکی یەکجار زۆریان کە مەزەندەی سەرو ٣٠٠ کەس دەبن، ئازاد نەکراون.

بۆیە یەکێک لە خواستەکانی خوێندکاران و جەماوەری ئازادیخواز دەبێ ئازادکردنی سەرجەم گیراوە سیاسییەکان و رفێنراوەکان و قەرەبووکردنەوەیان و هاوکات دادگاییکردنی ئەوانە بێت کەدەستیان لە زەبرو زەنگ و شەقوەشاندن نەپاراست و رەفتاری بەعسیەکانی بەبیر جەماوەری کوردستان و خوێندکاران هینایەوە.

خامۆش بوونەوەی ئێستای خۆپیشاندانەکان بەمانای کۆتاییهاتن بە پێداگری لەسەر خواستەکانیان نییە، بەمانای فریوخواردن بە بەڵێنی بەرپرسەکان نییە، بەتایبەتی کە بەڵێنی جێبەجێنەکراو هاوشانە بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی... لەدوای هەموو خۆپێشاندان و نارەزایەتیەکی جەماوەریدا کە گوشار و کاریگەری دەخاتە سەر دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵات بۆ خاوکردنەوەی نارەزایەتییەکان دەیان بەڵین دەدەن، بەڵام بەکردەوە جی بەجێکردنی ئەو بەڵێنانە، دەسپێرن بە خەواندن و جێ بەجێ نەکردن، بۆیە پێویستە خوێندکاران و جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان لەسەر گوشارەکانیان بۆسەر دەسەڵات بەردەوام بن، تا سەرجەم گیراوەکان ئازاد دەکرێن.

## درێژەی.... کرێکارانی کشتوکاڵی ئەسفەهان بۆ ئاو و ژیان دێنە مەیدان

جەماوەری بێ بەشی و ژێر ستەمی دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی بەجیا لەوەی پشتیوانی لە خۆپیشاندانی کرێکارانی کشتوکاڵی دەکەن هاوکاتیش، بەدژی سەرجەم دەسەڵاتی رەشی جمهوری ئیسلامی هاتونەتە مەیدان.

جمهوری ئیسلامی کە دەرگیرە لەگەڵ پیشرەوی بزوتنەوەی کرێکاریی، و ڕووبەرووە لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی فراوانی جەماوەریدا و لەسەر بورکانێک لە رق و تورەیی جەماوەری هەڵکوڕماوە، لەهەر جێگایەک نارەزایەتیەک هەبێت، و کریکاران و جەماوەری نارازی بینە مەیدان و هەر خواستێکیشیان هەبێت، دەیەوێت لە رێگای زەبر و زەنگ و سەرکوتەوە پاشەکشەی پێبکات. لە چوارچێوەی ئەو سەرکوتەدا بۆ خامۆشکردنەوەی نارەزایەتی خەڵکی ئەسفەهان و کریکارانی کشتوکاڵی، دەستی داوەتە رەشبگیری و سەرکوتی بێ پەردە و هیرش بۆ سەر ئەو چادرانەی جوتیاران وەکو سەکۆیەک بۆ کۆبونەوەی گشتی هەڵیاندا، جیگەی باسە بە دەیان هەزار کەس لەخەڵکی شاری ئەسفەهان وەکو پشتیوانیەک لە کرێکارانی کشتوکاڵی بەشداریان لەکۆبونەوەکانیدا کرد، ئەمەش هیندەی تر کۆبونەوەی جەماوەری جوتیارانی شکۆدارکرد و ترسی خستە دڵی سەرانی جمهوری ئیسلامیەوە، دەوڵەتی ئیسلامی ئیران لەبەرامبەر بە قەیرانی ئاو لە جێگای گرتنە بەری رێگای زانستی، خەریکی برەودانە بە خورافەی ئیسلامی و پاڕانەوە و وەێخستنی نوێژە بە بارانە.

ئەوەی رۆشنە بزوتنەوەی هەر بەشێک لە بەشە مەحرومەکانی کۆمەڵگە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ بزوتنەوەی روولەپیشی بەردەوامی چینی کریکار و پشتیوانی بزوتنەوەی کرێکاری و بەشە بێبەشەکانی تری کۆمەڵگە زامنی سەرکەوتنی بزوتنەوەی جوتیارانی ئەسفەهانە بۆ ئاو و بۆ ژیان.

## هۆکاری نارەزایەتی هاوپەیمانی فەتح لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان چییە؟

عەبدولا مەحمود

هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق کە ریکەوتی ١٠/١٠ بەڕێوەچوو، سەرجەم خانەوادەی بۆرژوازی لەسەرتاسەری عێراقدا بە عەرەب و کورد و شیعەو سونەوە تەکاندا. بەشداری نەکردنی خەڵک لەو هەڵبژاردنەدا بەم رێژە زۆرە، بە پلەی یەکەم بەر لەوەی پرۆسیسی هەڵبژاردن و نمایشی دیموکراسی بۆرژوازی نیشان بدات، نمایشی نارەزایەتی جەماوەری بەرووی سیناریۆی هەڵبژاردنەکاندا، نیشاندا. دیارە ئەم نارەزایەتیە و شکستدانی خەونی خانەوادەی بۆرژوازی لە هەڵبژاردنەکاندا، تەنها رەتکردنەوەی هەڵبژاردنەکە نەبوو، بەڵکو رەتکردنەوەی سەرجەم دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی و پێداگرتنەوەی جەماوەری دەیان ملیۆنی خەڵکی بێبەش و ماف زەوتکراو لەسەر بەردەوامی دان بە نارەزایەتیەکانیان و خواستەکانیان، بوو.

لەم هەڵبژاردنەدا، خانەوادەی بۆرژوازی گورزێکی کەمەر شکێنی بەرکەوت، بەڵام لەناو ئەو خانەوادە رەنگاو رەنگەدا بەشێک لە ماڵەکانی ناو حەسارەکەی گورزی سەختر و کەمەر شکێنتری بەرکەوت، ئەوانیش رەوت و لایەنە سیاسیەکانی سەر بەئیران بوون. ئەو لایەنانەی کە ئەم گورزە سەختەیان بەرکەوت، ئەوانەبوون کە لەدوای روخانی دەسەڵاتی بەعسەوە، لە عێراقدا هەمەکارە بوون و ئیران بە تەواوەتی لە پشتیان بوو. کارنامەی ئەم لایەنانە، بەکردەوە لەسەر ئینتیمای تایفی و خزمەت بە ئەجنداکانی ئیراندا دەچووە پێشەوە، جەماوەری بێبەشی عیراق لەئاستی سەراسەریدا بەر لەهەر لایەنێک، ئەو رەوتانەیان بە هۆکاری برسێتی و بیکاری و گرانی و سەرکوت و بێمافی دەزانی کە بەتەواوەتی رۆڵی نیابەتیان بۆ سیاسەت و نەخشەکانی ئیران دەگێراو دەرگایان بۆی والاکردبوو کەهەم دەستێوردانی ئاشکرا بکات و هەمیش ژینگەیان بۆ سازکردبوو ململانێکانی لەگەڵ ئەمریکادا لە عێراقدا بباتە پێشەوە.

هاوپەیمانی فەتح بەسەرۆکایەتی هادی عامری کە ڕابەرایەتی باڵی سیاسی حەشدی شەعبی دەکات، لەم هەڵبژاردنەدا پلەی حەوتەمی گرتووە و تەنها توانیویەتی ١٦ کورسی بەدەست بهێنێت... ئەمە گەورەترین شکستە بۆ هێزێک کە پشتی بە گەورەترین هێزی چەکداری وەکو حەشد بەستووە و لەلایەکی تریشەوە لە پشتوانی راستەوخۆی ئیران بەهرەمەند بووە، کە یاریچیەکی سەرەکی لە گۆرەپانی عیراق و ناوچەکەدایە.

ئەم شکستەی هاوپەیمانیەتی فەتح ئاماژەیە بۆ تێکچوونی باڵانسی هێزی نێوان لایەنەکان و گۆڕانی هاوپەیمانتیەکان، هاوکات لایەنێکی ململانێی ناوخۆی ناوی ماڵی شیعی!! و درز کەوتنە ناویان ریشەی لەهەمان ئاڵوگۆری هاوسەنگی هێزدایە. ئەم رەوتە کە خاوەنی هێزێکی چەکداری گەورەیی تایفییە و ململانێی لەگەڵ ئەمریکا و رەوتەکانی لایەنگریدا رۆشنە، نایەوێت ئەوە قبوڵ بکات، کە جێگەو رێگەی سیاسی لە عێراقدا لاوازبێت.

دیارە هێشتا ئاکامی هەڵبژاردنەکان لە دادگای فیدرالیەوە، رەسمیەتی وەرنەگرتووەو بۆیە دەیانەوێت بەر لە راگەیاندنی ئاکامی کۆتایی فەرمی هەڵبژاردنەکان، گوشارەکانیان زیاد بکەن.

نیگەرانی رەوتی فەتح و لایەنەکانی تری سەر بەئیران ئەوەیە، کە دەزانن رەوتێکی روو لەخوار و داکشان دەپێون، لەبەرامبەر رای گشتی خەڵکی عیراقدا. لەخۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١٩دا، دروشمی کۆتاییهێنان بە دەستێوردانی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان و دەستکورتکردنەوەیان... بەیانی رۆشنی "نا" وتنی جەماوەی بوو، بەرۆڵی وێرانکارانەی ئیران و حەشدی شەعبی وەکو میلیشیایەک کە هۆکارێکی سەرەکی نائارام راگرتنی عیراق و وەسیلەیەکی سەرکوتی ئاشکرای بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و لەبەین بردنی رابەران و هەڵسوراوانی بوو.

دیارە بەهەر ئەندازە ئەم رەوتانەی سەر بەئیران پێگەیان لاواز بێت، شانسی لایەنگرانی ناسیونالیزمی عەرەب و رەوتە شیعیەکانی دوور لە ئیران زۆرتر دەبێت... ئەمەش سەرچاوەی نیگەرانی هاوپەیمانیەتی فەتحە.


دیارە لە عێراقدا ئەگەری دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردن بەهیچ پاساوێک ئیمکانی نییە، هاوپەیمانیەتی فەتحیش ئەوە دەزانن، تەنانەت ئیرانیش لەگەڵ ئەوەدا نیگەرانن لە رەوتی پاشەکشەی هیزەکانی وابەستە بەخۆیان، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنیان لاباشترە لەوەی ئاڵۆزی لەعیراقدا رووڵەپەرەسەندن بکات. ئیران لە ئێستادا خوازیاری پشێوی و بەیەکدادانی لایەنەکان بەتایبەتی لەنێوان خانەوادەی شیعەدا نییە و دەزانن ئەمە بە زیانیان تەواو دەبێت، بەتایبەتی کە بە ئاشکرا تۆخبوونی رۆڵی بەشیک لە وڵاتانی عەرەبیدا لە عیراقدا دەبینن.

لەگەڵ ئەوەدا هێزەکانی سەر بە ئیران پاشەکشەیان کردووە و بەڵام ئێران تا ئێستا یاریچی و رۆڵی سەرەکی لە عێراقدا، دەگێرێت. بۆیە نارەزایەتی و بانگەشەی هاوپەیمانیەتی فەتح سنور بۆدیاریکراوە و نابێت ئەو سنورە ببەزینێت. ئامانجی نارەزایەتی هاوپەیمانیەتی فەتح بۆ ئەوەیە بەپێی پێوەری ئاکامی هەڵبژاردنەکان مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت و لە پێگە و بریار و بەشداری سیاسیدا، رۆڵیان لاواز نەبێت. دیارە تا ئیران کاراکتەری سەرەکی لە عێراقدا بێت و رەوتە سیاسیەکان خاوەنی میلیشیای سەر بەخۆیان بن، ناتوانرێت ئەو هیزانە بە پێی ئاکامی هەڵبژاردنەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. هاوپەیمانی فەتحیش لەگەڵ ئەوەدا لە هەڵبژاردنەکاندا شکستی گەورەتری بەرکەتووە، بەڵام ئەمە بە مانای کەنار کەوتن و لاوازکردنی رۆڵی لە بریار و بەشداری سیاسییدا نییە، بەتایبەیش تا ئەو کاتەی خاوەنی حەشدی شەعبی و پشتیوانی ئیران و هاوکاتیش ئەڵتەرناتیفی ئیران لە عێراقدا لاواز بێت.

ئەوەی مەسەلەی میحوەرییە، و دەتوانێت کاریگەری راستەوخۆی لەسەر هاوسەنگی هێزی لایەنەکان هەبێت. پەیوەندی بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییەوە هەیە. ئەو بزوتنەوەیەی حکومەت و دەسەڵاتی ناچار بە هەڵوەشاندنەوەی حکومەتەکی عادل عبدالمهدی کرد و پاشان هەڵبژاردنی وەختەی

بۆ لاپەڕە 12

# سیستەمی سەرمایەداری پاڵنەری توندوتیژیەکان لەدژی ژنانە!



نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

چونکە پێناسەی ژن لە ڕژیمی ئیسلامی ئێراندا، کە ڕژیمێکی ئیسلامی و تۆتالیتێرە ژنی ناوماڵ، تەنیا ئەندامێکی زاوزێیە و ئەو بیرۆکە ڕۆژانە لەناو ئەو دەسەلاتە بەرهەم دەهێندرێ و دەرخواردی کۆمەڵگە دەدرێ. ژنان لە ئێران لەگەڵ سێ جۆر و شێواز لە توندوتیژی بەرەوڕوون.

١/ توندوتیژی لەلایەن سیستم

٢/ توندوتیژی لە لایەن کۆمەڵگە

٣/ توندوتیژی لە لایەن بنەماڵە

سێ جۆر توندوتیژی کە بە شێوەی بازنەیی و هیدایەت کراو لە لایەن سیستمەوە بەڕێوە دەچێ...

ئەو سێ بەشە بە شێوەیەکی بازنەیی توندوتیژی بەرهەم دەهێنن و ژنان ڕۆژانە ڕووبەڕوی ئازار دەکەنەوە. لە توندوتیژی سیستم دەتوانین ئاماژە بە: بەشداری نەکردنی ژنان لە پڕۆسەی سیاسی و ئابووری، زەوتکردنی پۆستی گرینگی دەولەتی وەک دادوەر و سەرۆک کۆماری تەنیا بەهۆی ژن بوونیان، بوونی یاسای هەڵاواردن ئامێزی وەک، نەبوونی مافی پۆشش و پۆشینی زۆرەملێی و سەپاوی حیجابی ئیسلامی لەلایەن یاساوە، نەبوونی مافی تەڵاق بۆ ژن، بە هاوڵاتی پلە دوو زانینی ژنان وەک مافی میرات، مافی شایەتی، بوونی سزای سەدەناوەڕاستی بۆ ژنان وەک بەردباران و کوشتنیان بە تاوانی خۆشەویستی، لە توندوتیژی کۆمەڵایەتی دەتوانین ئاماژە بە بەرتەسککردنەوەی ئازادییە تاکەکەسیەکانی ژنان. توندوتیژی و گیچەڵی سێکسی لە شوێنی کار، ڕوانینی توندوتیژ و هەڵاوارِدن ئامێز تەنیا بەهۆی ژن بوون، دەستدرێژی بە ئاشکرای ڕۆژانە لە قسەوە بگرە تا مەترسیدارترین جۆری کە توندوتیژی جنسیە، تانوت و تەشەری پیاوسالارانە بۆ ئەوە باوەر بە خۆ بوونی ژنان زەوت بکەن کە زۆرتر لە کۆمەڵگەی سێکسیت دا بەڕیوە دەچێ، بوونی دەستەواژە گەلی سەپا وەک شەرەف و ناموس بۆ کوشتن و پەراوێزخستنی ژنان، تیزاب پێداکردن بە روخسار و جەستەی ژنان کە ساڵەهای ساڵە لە ئێران تاوانباران بە پشتگیری دەسەلات بەڕێوەی دەبەن. ئەو توندوتیژیانە لەرێگای دەسەلاتەوە دەخزێتە ناو کۆمەڵگەو لەڕێگای ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی بەردەستی دەسەلات دەخزێتە ناو هەموو کەلێن و قوژبنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە و، لە کۆتاییدا بنەماڵە وەک یەکەیەکی بچوکی کۆمەڵایەتی و لێرە لە دوو جۆر توندوتیژیدا خۆی دەردەخا.




توندوتیژی جەستەیی وەکوو: لێدان، ئەشکەنجە، قژ راکێشان، شەقەزلە، خەتەنەی ژنان، دەستدرێژی، شکاندنی دەست ولاقیان، بڕینی لوت و گوێی و ئەندامەکانی جەستەیان، دەستدرێژی و زۆرجار ئاستی توندوتیژیەکە ئەوەندە مەترسیدار و ئاشکرایە خۆی لە سڕینەوەی جەستەی ژنان دا دەبینێتەوە و ژنان تەنیا بە تاوانی ژن بوون بە درندانەترین شیواز دەکوژرێن. لە ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی ڕێژەی کوشتنی ژنان و توندوتیژی بە دژیان زۆر زیادی کردووە و بەداخەوە ئەو دیاردە لە ناوچە کوردنشین و عەرەب نشینەکان ڕێژەی بە بەراورد لەگەڵ شارە گەورەکان زیاترە. جێگای ئاماژەیە تەنیا لە مانگی سێپتامبری ( ٢٠٢٠) تا بە هەنووکە بە دەیان ژن لە ناوجە جیاجیاکانی کوردستان بوونە قوربانی روانینی چەوتی کۆمەڵگەو لەژێر ناوی شەڕەف و ناموس و بیانووگەلی جۆراوجۆر جەستەیان سڕدراوەتەوە. دیاردەی زوو بە شودانی کچان بە هۆی ئەو هێلە هەژاریە لە ڕادەبەدەرەی بەرۆکی خەڵکی گرتوە ڕۆژ بە ڕۆژ روو لە زیادبوونە. خۆکوژی ژنان بەهۆی بارودۆخێکی نالەبار کە تێیدان و نەبوونی ئارامی و پیداویستی ژیانێکی مرۆڤی رۆژانە قوربانی دەگرێ. ئیستاکەش لە زۆرێک لە گوندە دوور دەستەکان کچان لەلایەن بنەمالەیانەوە خەتەنە دەکرێن و ئەو دیاردە قیزەونە تا بە ئێستا بنبڕ نەکراوە. لێدان و ئەشکەنجە و دەستدرێژی و نەبوونی ئەمنیەتی گیانی بۆ ژنان لە ئێران کارەساتێکی مرۆڤیە کە دنیا لە ئاستی بێ دەنگی نواندووە. هەنووکە بەهۆی ئەو هێڵە هەژاری و هەڵاوسانە ئابووریەی کە هۆکارەکەشی سەرەرۆیی ڕژیمی ئێران لەبەرامبەر دنیای دەرەوەیە بێ کاری، خەمۆکی، بێ ئیمکاناتی وهەژاری بەرۆکی تاک بە تاکی ئەو کۆمەڵگەیەی گرتووە وبێگومان لە بارودۆخێکی ئاوادا ژنان وەک هاوڵاتی پلە دوو لە وڵاتێکی ئیسلامی وەک ئێران و بەو بیروباوەرە خورافە و پیاوسالاریە زیاتر دەکەونە بەر توندوتیژی و دەبنە قوربانی. ڕۆژ بەڕۆژ یاسای دژە ژنی زیاتر دژ بە ژنان لەوڵاتە پەسەند دەکرێ و ماوەیەک پێش کۆماری ئیسلامی پلانێکی دانا بۆ بە قەولی خۆیان زیادبوونی ڕێژەی لاوان لەو ولاتە وپێشگیری لە کۆمەڵگەیەکی پیر و پەککەوتە تەنانەت بە نیازن ژنان لە بونی پێشگیریەکی سالم و تەندروست و کەرەسەی نەهێشتنی دووگیانیش مەنع بکەن، کە لەو بارودۆخە نالەبارە ئابووریە کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. سەرانی ڕژیم بەڕوو هەڵماڵڕاوەیی لە ڕادەبەدەر پڕوپاگەندە بۆ وامی زەواجی زوو و ژێر تەمەن دەکەن بۆ ئەوە بنەماڵە هەژارەکان ناچار بکەن کچانی خۆیان بە شوو بدەن.

ژنان لەو سیستمەدا لە ژێر ناوی سیغە و یاسای مسیار کڕین و فرۆشیان پێ دەکرێ و وەک ئاژەڵ مامەلەیان لەگەڵ دەکرێ، مەرقەدی شێخ و شوێنی گەوجاندنی خەڵک و ئیمامزادەکانی ڕێژم تەژی کراوە لە کچانی ژێر تەمەن تا ژنانی نیزیک بە چل ساڵ و ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی کاتیی دێنە ئەو شوێنانە بۆ بەرێوەبردنی بە قەولی خۆیان واجباتی دینی و ئایینی، هەر جۆڕیک کە بۆیان دەلوێ لەگەڵ ئەو ژنانە مامەڵە دەکەن و هەموو جۆرە تاوانێک بەرێوەدەبەن، کە بەراستی مەزاری شیخەکان وەک عەشرەتکەدەی پیاوانی ئاییني وایە و زۆربەیان بە مەبەستی خۆشگوزەرانی ئەو تاوانە قیزەونە سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن و کۆماری ئیسلامیش ئەو پرسە باش دەزانێ. سەرەرای بوونی ئەو گشتە هەڵاواردن و بێ مافیە لەو سیستمە دژە مرۆڤەدا بەرەی ئازادیخواز و ژنانی چالاک بەردەوام لە ریز و سەنگەری پیشوەی خەباتدا بوون و ئەو بزوتنەوە بە هێزە بێ گومان تا ڕوخانی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە مافەکانیان دەست لە خەبات هەڵناگرن. هێزێک کە سەرەرای کوشتن وبڕین و سەرکوتی دەولەتی ئێستاکە گەورەترین هیز و مەترسین بۆ سەر دەسەڵات و توانیویانە بە تایبەتیی لەو ساڵانەی دوایی خۆیان بە ڕێکخستن بکەن لەگەڵ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان. ژنانی ئێران دەبێ بزانن بۆ گەیشتن بە ئامانجە مرۆڤیەکانیان دەبێ دورەپەرێز نەبن و هاوتەریب بن لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری تا گەیشتن بە سیستمێکی سۆسیالیستی و مرۆڤتەوەر کە هیچ مرۆڤێک بەپێی ڕەگەز نەچەوسێتەوە و هەموو تاکەکان مافی وەک یەکیان هەبێ.

**جیاکاری لەدژی ژنان تایبەتمەندیەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆیە. لە بەشی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا، ژنان بەڕەسمی و بە یاسایی تەنانەت لەو ماف و ئازادییە بەرتەسك و بێبایەخانەش بێبەشن کە پیاوان لـێی بەهرەمەندن. لەو وڵاتانەدا کە لە ڕووی ئابووریەوە دواکەوتوون، هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لەنێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگەدا هەیە، ستەمکێشی و بێمافی و ژێردەستەیی ژن بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ. لە وڵاتانی پێشکەوتووتر و مۆدێرنتردا و تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە لەسایەی بزووتنەوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژنان و هەڵمەتە سۆسیالیستیە کرێکارییەکان جیاکاریی جنسی بەڕواڵەت لە بەشی هەرەزۆری یاساکاندا هەڵگیراوە، هێشتا ژنان لە جەرگەی میکانیزمی ئابووری سەرمایەداری و دابونەریت و بیروباوەڕە پیاوسالاریەکانی نێو کۆمەڵگە، بە کردەوە لەزۆر ڕووەوە دەکەونە بەر جیاکاری و ستەم ...**

**پرسی ڕۆژ کۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com



# لەم ژمارەیەدا سالار سۆفی وەڵام بەپرسی ڕۆژ دەداتەوە

پرس/ ئایا ناڕەزایەتیەکانی خوێندکارانی زانکۆ لەکوردستان، تەنیا داواکاری دەرماڵەی خوێندکارانە؟ یان کۆی داواکاریەکانی خەڵکی کوردستانە لە کەمی خزەتگوزارییەوە بیگرە تا دەگاتە ئازادی بیروڕاو و ئاەمنی شارەکان و نەدان و لێبڕینی مووچە...تاد. پێتوایە ئەو ناڕەزایەتیانە فراوانتر دەبنەوە بۆ ناو سەرجەم جەماوەری خەڵکی کوردستان؟

سالار سۆفی لەوەڵام بەپرسی ڕۆژدا دەڵێت:

زۆربەی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕین و تەنانەت شۆڕشەکانیش لە شتێکی بچووکەوە دەست پێ دەکەن و دواتر گەورەتر دەبنەوە. ساڵانێکە دەرماڵە براوە و فشارێکی داراییی ئەوتۆی لەسەر فێرخوازان دروست کردووە، کە چیتر توانای بێدەنگیان نەماوە. ئەمە ئەو چەخماخەیە بوو کڵپەی کرد و بووە هۆی بەرپاکردنی خۆپیشاندانەکان. بارودۆخی فێرخوازان لە ڕووی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنەوە وێرانەیە. لە شێوازی وەرگرتن لە زانکۆ و کۆلێژەکاندا بە هیچ شێوەیەك ڕەچاوی ویستی فێرخواز و تواناکانی ناکرێت. با پێداچوونەوەك بە ڕێڕەوی ژیانی فێرخوازان بکەین. فێرخوازان نمرەی هەرە بەرز دەهێنن، کەچی ناتوانن لەو بەش و کۆلێژەدا بخوێنن کە بە دڵی خۆیانە. کە دەگەنە هەر کۆلێژێك، هەموو سەرچاوەیەکی داراییان لێ دەگیرێتەوە و ڕەزیل و سەفیل دەکرێن. کە بەهەر چەرمەسەرییەك بووە، خوێندن تەواو دەکەن، فڕێ دەدرێنە سەر شەقامەکان و ئیتر کار و دامەزراندن دەبن بە هاوشێوەی خەیاڵێکی ڕۆمانسیی کوڕە هەژارێك بۆ گەیشتن بە کچە شازادەیەك. کە سەری خۆیشیان هەڵدەگرن، دەسەڵات و دارودەستەکەی دەڵێن "ئەمە پیلانی دەرەکییە و دوژمنایەتیکردنی خاک و گەل و نیشتیمانە".

> ئەو بارودۆخە گشتییەی لە کوردستان هەیە؛ لە گرانیی خۆراك و نەوت و بەنزین و کێشەکانی ئاو و کارەبا و دڵەڕاوکێی هەمیشەیی لە ئەگەری بڕینی موچە و دەیان کێشەی تر ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر باری ئابووری و دەروونیی فێرخوازان هەیە و سەرباری خەمەکانی خۆیان، دەبێ خەمی خێزانیش بخۆن. کەواتە بنەمای ناڕەزایەتیی فێرخوازان تەنها دەرماڵە و تەنانەت تەنها پەروەردە و فێکردنیش نییە، بەڵکو ئەوان نوێنەرایەتی داواکانی هەموو کۆمەڵگە دەکەن، چونکە هەر فشارێك بۆسەر کۆمەڵگە، ڕاستەوخۆ فشارە بۆ سەر ئەوانیش و بەرگریکردنی ئەوانیش بەرگریکردنە لە هەموو کۆمەڵگە..

لاوان بە گشتی وزەیەکی بێوێنەیان هەیە و سەرچاوەی داهێنان و نوێبوونەوەن و پێویستییان بە ئازادییەکی تەواو هەیە بۆ تەقاندنەوەی بەهرە و تواناکانیان. لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا کە دەیان کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی و ئابووریان بەسەردا سەپێندراوە، گەشەکردن و داهێنان نزیك بە مەحاڵە. ڕێگریەکانی بەردەم ئازادیە سیاسییە، دەرگای ئەو ئەگەرەش لەبەردەم لاواندا دادەخات کە بتوانێت بەشدار بێت لە گۆڕین و باشترکردنی سیستمی سیاسی، بەرەو سیستەمێکی دادپەروەرانەتر.


ئەو بارودۆخە گشتییەی لە کوردستان هەیە؛ لە گرانیی خۆراك و نەوت و بەنزین و کێشەکانی ئاو و کارەبا و دڵەڕاوکێی هەمیشەیی لە ئەگەری بڕینی موچە و دەیان کێشەی تر ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر باری ئابووری و دەروونیی فێرخوازان هەیە و سەرباری خەمەکانی خۆیان، دەبێ خەمی خێزانیش بخۆن. کەواتە بنەمای ناڕەزایەتیی فێرخوازان تەنها دەرماڵە و تەنانەت تەنها پەروەردە و فێکردنیش نییە، بەڵکو ئەوان نوێنەرایەتی داواکانی هەموو کۆمەڵگە دەکەن، چونکە هەر فشارێك بۆسەر کۆمەڵگە، ڕاستەوخۆ فشارە بۆ سەر ئەوانیش و بەرگریکردنی ئەوانیش بەرگریکردنە لە هەموو کۆمەڵگە. بە بۆچوونی من، لەم بارودۆخەی ئێستادا، هێشتا زەمینە ساز نەکراوە بۆ فراوانبوونەوەی خۆپیشاندانەکان و بەشداریکردنی سەرجەم خەڵکی کوردستان، هۆکاری سەرەکیش بریتییە لە ڕێکخراونەبوون و بێمتمانەیی خەڵك بە حزب و ڕێکخراوەکان، هۆکاری یەکەمی ئەم بێمتمانەییەش، حزبە سیاسییە مشەخۆرە (بەناو) ئۆپۆزیسیۆنەکان. دەکرێ فێرخوازانیش ئەم جارە هەموو دەستکەوتەکانیان بەدەست نەهێنن، لێرەشدا دەستێوەردانی حزبەکان و بازرگانیکردن بە مافەکانی فێرخوازانەوە هۆکارێکی گرنگ دەبێت، ئەمە جگە لە دەستێوەردانی خودی دەسەڵات لەڕێگای لایەنگرەکانییەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەزموونێکی مەزن دەخەنە سەر ئەزموونی خەباتیان و لە داهاتوودا بە توانا و پێداگرییەکی مەزنترەوە دێنەوە مەیدان و دوور نییە بە کردەوە، پشتیوانی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستانیش بەدوادا بێت. ملهوڕیی دەسەڵات بەرانبەر بە داخوازییە ڕەواکانی فێرخوازان، قومارێکی مەترسیدارە و دوور نییە لە جاری داهاتوودا، گۆڕانکاریی ڕادیکاڵانە بەسەر داخوازییەکاندا بێت و بڵێن "نامانەوێ دەرماڵە، ڕاماڵینی بنەماڵە".

خوێندنی گشتیی و ئیجباری و خۆڕایی تا تەمەنی ١٦ ساڵی. خوێندنی باڵا (زانکۆیی، پسپۆڕیی) خۆڕایی و نزیکەدەست بۆ هەموو خوازیاران. دانی دەرماڵەی تێروتەسەل بە خوێندکاران. ڕیشەکێشکردنی نەخوێندەواری و بردنەسەری هەمیشەیی پلەی خوێندەواری و زانیاری زانستی و تەکنیکی دانیشتووانی وڵات. فێربوون مافی هەمووانە و دەستراگەیشتنی ئینسانەکان بە فێربوون و دەورە فێرکاریەکان نابێ بەهیچ جۆرێك ببەسترێتەوە بە ئاستی داهاتی خێزانەوە....



# نە کۆچکردن چارەیە بۆخەڵکی کوردوستان و نە دەبێ کۆچیشی پێبکرێت!

نووسینی: حەسەن ڕازانی



بە بڕوای من، نابێت ئامانجی خەڵک خۆ ڕزگارکردن بێت لەو دەسەڵاتە کوردییە خۆییە بە ڕێگەی وڵات بەجێهێشتن بۆی، بەڵکو دەبێت بە ڕێگەی وەلانانی ئەو دەسەڵاتە بێت لەسەر خەڵک خۆی. بۆیە کۆچکردن لە دەست ئەو دەسەڵاتە و بەجێهێشتنی وڵات وچۆڵکردنی مەیدان بە تەواوی بۆ ئەو دەسەڵاتە، بە بڕوای من، ڕێگەچارەیەکی درووست نییە. چارەسەرێکی نێگەتیڤانەیە و بەرەنگاربوونەوەیەکی ئەو دەسەڵاتەیە، بەڵام بە شێوەیەکی لاوازانەو بێدەسەڵاتانە. هەروەک لەناو کوردا باوە کە دەگوترێت:"ئەگەر بە دوژمنت نەوێرای ڕاکردنیش لەبەری هەر ئازایەتییە". بۆیە لەوبارەوە ناتوانم هاوڕا نەبم لەگەڵ هاوڕێم عەبدوڵا مەحمود کە پێی وایە: "ئەو شەپۆلی ڕۆشتن و جێهێشتنە بەکۆمەڵەی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا بەرەنگارییەکی سلبییە و "نا" یەکی نێگەتیفە بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، بەڵام هاوکات تەعبیرە لە نەویستی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و دەسەڵاتەکەیان و دەچێتە خانەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییەوە کە لەسەراسەری کوردستاندا قوڵپ دەدات"..(ع.م) وێڵبوون بە دوای ژیاندا.١٨ی تەشرینی دووەمی٢٠٢١ ماڵپەڕی بۆپێشەوە.

بەڵام دیسان، بە بڕوای من، ئەگەر خەڵک مەبەستییەتی ڕزگاری ببێت لەو نەهامەتییەی کە بۆچەندین دەیە دەچێت بەرۆکی گرتووەو لەگەڵیا دەژیت، با پێی وانەبێت کە بەڕاکردن لەدەست ئەو دەسەڵاتەو خۆ هاویشتنە ئەودیو سنوورەکانەوە ئیتر دنیا بۆی دەبێتە شامی شەریف. کاتێک کە زۆرایەتییەکی ڕەهای خەڵکی ناڕازی، وەک ئێستای کوردوستان، بەدەست دەسەڵاتێکی ستەمکاری وەکو ئەو دەسەڵاتە کوردییە خۆییەوە گرفتار دەبێت و گیردەخوا، ڕێگاچارەی درووست ڕاکردن لەبەری و کۆچکردن نییە !.

کۆچڕەوی بەکۆمەڵی زۆرایەتی ڕەهای ناڕازی بەدەسەڵات نابێتە ڕێگەچارەی درووست و درێژمەودا بۆ ئەو زۆرایەتییە. بەڵام مێژوو نیشانی داوە کە وڵات بەجێهێشتن و کۆچکردن و ڕاکردن لەدەست دەسەڵاتی سەرکوتگەرو ستەمکار، زۆرینەی جاران، سوودی لێوەرگیراوە هەم لە کورت مەوداداو هەمیش لەدرێژ مەودادا بەڵام وەک تاک و وەک لایەن و گرووپێکی دیاریکراو. بۆنموونە: لایەنێکی بچووک و کەم هێزی سیاسی ناڕازی کە دەسەڵات تەنگی پێهەڵچنیبێت، تاکێکی سیاسی ناڕازی بەدەسەڵات کە هەڕەشەی تێداچوونی لەسەر بێت، چالاکوانێک، ڕۆژنامووسێک، نووسەرێک..... هتد. بۆ ئەمانەی کە ناویان هێنرا بەڵێ دەتوانرێت وڵات بەجێهێشتن وەک ڕێگەچارە سوودی لێوەربگیرێت.

بەڵام کاتێک زۆرایەتی خەڵک ئەو دەسەڵاتەی نەوێت و ئەو کەمایەتییەی کە لەگەڵ دەسەڵاتیشدایە، دەسەڵات بە تەواوی لە هەمووی دڵنیا نەبێت کە هەتا سەر لەگەڵیدا دەبێت، بەڵکو وەکو کوردەکە دەڵێت: لەوانەیە تا ژێر پەتەکە لەگەڵ دەسەڵات دا بێت، لە بارودۆخێکی ئاهواداو بۆ زۆرایەتییەکی ئاهوا ڕەهای خەڵکی ناڕازی لە کوردوستاندا کە وڵات بەجێبهێڵێت و کۆچڕەو هەڵبژێرێت وەک ڕێگەچارە، بە بڕوای من، ڕێگەچارەیەکی درووستی هەڵنەبژاردووە.

زۆرایەتی ڕەهای خەڵکی ناڕازی بە دەسەڵات شاهیدە، هەروەها بەرپرسانی دەسەڵات خۆشیان دان بەوەدا دەنێن و دەنگدانی ئەم دواییانەش زیاتر ئەو بۆچوونەی ئێمە پشتڕاست دەکاتەوە کە تەنانەت ئەو کەمایەتییەی کە لەگەڵ دەسەڵاتیشدایە هێشتا هەمووی بە دڵسۆزی لەگەڵیدا نییە. بۆیە ئەگەر خەڵک وڵات بەجێنەهێڵێت و لە جیاتی ڕاکردن خۆی لە ناوحیزبی خۆیدا ڕێکبخات و خۆی یەکگرتوو بکات، ئیتردەسەڵات لە بەردەم خۆڕاگری و یەکگرتوویی خەڵکدا بێهێزو بێ نموود دەمێنێتەوە. هەر ئەوەشە، بە بڕوای من، کە دەبێ وەک ڕێگەچارەی درووست حیسابی لەسەربکرێت.

بە بڕوای من، هۆی سەرەکی بێهێزی و بێئیرادەیی و بێ سەرەوبەرەیی خەڵک لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە دەسەڵات هێندە بەهێزو بە ئیمکانییاتە کە ڕووبەڕووبوونەوەو دژایەتیکردنی وەکو بە گژ قوللەی قافدا چوون بێت. بەڵکو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە خەڵک ڕێکخراو نییە و خۆی ڕێکنەخستوە لە حیزبی ڕاستەقینەی خۆیدا. ئەوەی هەبووە تا ئێستا ئەو حیزبە موعارەزە هەلپەرستانە بوون کە خەڵکیان بەکارهێناوە بۆ مەرام و بەرژوەندییەکانی خۆیان. بۆیە ئەگەر خەڵک بیەوێت بکەوێتە ژیانێکی باشترەوەو ڕزگاری ببێت لەو دەسەڵاتە، ڕێگەچارەی درووست ڕاکردن نییە لەبەری، بەڵکو بەرەنگاربوونەوەیەتی بەشێوەی ڕێکخراوو یەکگرتوو.

دەبێ لای خەڵک ڕوون و ئاشکرا بێت کە تاوانباری سەرەکی و هۆی سەرەکی کە خەڵکی کوردوستان وڵات بەجێدەهێڵێت و کۆچڕەو دەکات بەرەو هەندەران، ئەو دەسەڵاتەی کوردوستانە. بەڵێ درووستە کە بەشێک لە وڵاتانی ئەورووپاو ڕۆژئاوا و ئیقلیمیش بوونەتە هۆی سەرچاوەو هۆی شەڕو ئاشوب و پشێوی لە ناوچەکەدا. بۆیە بارودۆخی جەنگ و وڵاتی پڕ لە کێشەی سیاسی حەتمەن کاریگەری خراپ دادەنێت لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک. حەتمەن دەبێتە هۆی ناجێگیری سیاسی و ئەوەش دڵەڕاوکێ و حاڵەتی دەروونی خراپ درووست دەکات لەلای خەڵک. ئەمەش بۆخۆی فاکتەرێکی ترە کە وا لە خەڵک دەکات وڵاتی پڕ لە کێشەی سیاسی و جەنگاوی بەجێبهێڵێت و بەرەو وڵاتانی جێگیرو بێ کێشەی سیاسی و جەنگ مل بنێت. بەڵام سەرباری هەبوونی فاکتەرو هۆی دەرەکی کە دەبنە هۆی ناچارکردنی خەڵکی کوردوستان کە وڵات بەجێبهێڵن، بە بڕوای من، هێشتاش هەر دەبێ سەری ڕمی تاوانبارکردن هەر ڕووی پێ لەدەسەڵات بکەین. چونکە گومانی تێدا نییە کە دەسەڵات تاوانباری یەکەم و سەرەکییە بۆیە هەر دەسەڵاتیش دەتوانێت خۆی بکاتە چارەسەری یەکەم و سەرەکی لە کۆتایی پێهێنانی ئەوبارودۆخە دژوارە.

کوردوستان ئێستا، بە بڕوای من، لە بارودۆخێکی ئاهوای جەنگ و شەڕوپێکدادانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و نێوخۆیی وادا نییە تا خەتای کۆچکردنی خەڵک بخەینە ئەستۆی بارودۆخەکە. بەڵکو هۆی سەرەکی ئێستای کۆچکردنی خەڵکی کوردوستان بە پلەی یەکەم هەر دەسەڵاتەکەی کوردوستانە. هیچ هۆیەک نییە کە دەستی دەسەڵاتی کوردوستان بگرێت لە دابینکردنی خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری بۆ خەڵک. تەنانەت زوربەی بەرپرسە گەورەکانی ئەو دەسەڵاتەش دان بەو ڕاستییەدا دەنێن، بەڵام دەسەڵات هیچ هەنگاوێکی ئەرێنی و بەکرداری لەوبارەوە نەناوە. هەندێک لەبەرپرسە باڵاکانی دەسەڵاتیش پێیان وایە کە دەسەڵاتی هەرێم توانای ئەوەی هەیە کە کۆتایی بەو نەهامەتییەی خەڵکی کوردوستان بهێنێت و بەڵام ئەوکارە ناکات!!.

بابەتی کۆچی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردوستان ئێستا بۆتە بابەتێکی گەورە. بۆیە هەر لەو بارەوە هەندێک لایەن و دەستەو گرووپ و تەنانەت لە نێویاندا حیزبی سیاسیش هەیە کە دنەو هانی خەڵکی کوردوستان دەدەن کە کۆچڕەوی بەکۆمەڵ و ملیۆنی ئەنجام بدەن. ئەوانە پێیان وایە ئەگەر خەڵک کۆچڕەوی بەکۆمەڵی ئەنجام دا، دەبێتە فشارێک بۆ سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لایەن و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ کە بێنە سەرخەت و وەخۆ کەون. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە پێیان وایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دێتە سەرخەت و حەتمەن بە قازانج دەشکێتەوە بۆ خەڵکی ڕاکردوو. ئەمانە پێیان وایە یا ئەوەتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خەڵکی ڕاکردوو وەردەگرن و دابەشیان دەکەن بەسەر وڵاتانی ئەورووپاو ڕۆژئاوادا. وە ئەگەر ئەمەیان بۆ مەیسەر نەبوو، ئەوە بۆی هەیە فشار بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی کوردوستان، بەڵکو ژیان و گوزەرانی خەڵک باشتر بکەن و ئەو هۆیانە لابەرن یا هیچ نەبێت کەم بکەنەوە کە بوونەتە هۆی ڕاکردنی خەڵک.

بە بڕوای من، بۆچوونێک کە پێی باشە خەڵک بە کۆمەڵ کۆچڕەو بکات هەم وەک ڕێگەچارەی باشترکردنی ژیانی خەڵک و هەمیش وەک تۆڵەو فشار بۆسەر دەسەڵات هیچ نییە بێجگە لە کردارێک کە، من پێم وایە، لە تاقیکردنەوەی بابەتێکی فیزیایی دەچێت کە ئاخۆ ڕاست دەردەچێت یان نا؟. ئەمەش هەمووی لەسەر حیسابی ژیان و گوزەران و نەهامەتیەکانی خەڵک تەواو دەبێت. ئەم بۆچونە پێی دەگوترێت کۆچپێکردن. بزووتنەوەی کوردایەتی تەجروبەی باشی هەیە لە کۆچپێکردنی خەڵکدا، چونکە وەبەرهێنانی سیاسی باشی تێدا کردووە بۆ بەرژەوەندی خۆیان. پرسیارەکە لەو بارەوە ئەوەیە: ئایا هەڵگرانی ئەم بۆچوونەی ئێستای کۆچپێکردنی خەڵکی کوردوستان هەمان مەبەستی بزووتنەوەی

بۆ لاپەڕە 12

## پرسی ژن ؟



توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# ئافرەت و ٢٥ نۆڤەمبەر

**نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

"ئافرەت و 25 نۆڤەمبەر"

توندوتیژی ڕەگەزی دژ بە ئافرەتان مێژوویەکی دێرین و سەدان هەزار ساڵەی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئادەمیزاد هەیە، دەگمەنە ناوچەیەکی جیهان بدۆزرێتەوە کەتووندوتیژی دژ بەئافرەتان بەجۆرێک لەجۆرەکان بەکارنەهاتبێت، چونکە زۆربەی توێژەرانی ئەم بوارە پێیانوایە کەتووندوتیژی دژ بەئافرەتان بەرهەمی کۆمەلگەی پیاو سالارییە کەلەدوای نەمانی سیستەمی ئافرەت سالارییەوە لەپیش زاینەوە، سەری هەلداوە.

25 نۆڤەمبەر چییە؟

کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی بە بڕیاری ژمارە (134/54) لە17ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1999 ڕۆژی25 ی تشرینی دووەم (نۆڤەمبەر) ی وەک ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەستنیشانکردووە، لەوکاتەوە ڕۆژی 25 نۆڤەمبەر بەرۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دیاریکراوە، ماوەی پانزە ڕۆژ چالاکی بەرفراوان لەسەرجەم دام و دەزگاکانی ولات بەرێوە دەچێت، هەرچەندە چالاکیەکان جیاوازن، بەلام لەسەرتاسەری جیهاندا هەموو سالێک بەگوێرەی نەخشەسازی ولاتان رێورەسمی جیاواز ئەنجام دەدرێت، بەشیوەی گشتی لەسەرجەم ولاتانی جیهاندا ئەم رۆژە بۆتە هێمای خەباتی ئافرەتان و سەرجەم مرۆڤە ئازادیخوازەکان تواناکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی دەخەنەگەڕ.

٢٥ نۆڤەمبەر لەڕوانگەی مێژوویەوە:

لەڕوانگەی مێژووییەوە دەستنیشانکردنی رۆژی 25 نۆڤەمبەر بە رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بۆ یادی تیرۆرکردنی (خوشکانی میرابال) دەگەڕیتەوە، خوشکانی میرابال پێکهاتبوون لە سێ خوشک بەناوەکانی (پاتریا، مینروا، ماریا ترێزا) کە بە خوشکانی میرابال ناویان دەرکردووە، لە 25ی نۆڤەمبەری ساڵی 1960 لە ولاتی دۆمێنیکان لەلایەن دەست و پێوەندەکانی »رافائێل تروخێۆ « دیکتاتۆری دۆمێنیکەن، تیرۆرکران، ئەم سێ ئافرەتە نموونەی بەرزی خەبات و خۆڕاگری بە دژی حکوومەتی ملهوڕانەی ئەو دیکتاتۆرە بوون، ئەوان خەباتکەر و تێکۆشەربوون چەندین جار کەوتبوونە بەندیخانە. لە ژانیوەری 1960 پاتریا، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی گرتەدەست کە دواتر بوو بە هەوێنی بزووتنەوەی نهێنیی 14ی جونی 1960. دوو خوشکەکەی دیکەشی بوون بە ئەندامی ئەو بزووتنەوەیە. تێکۆشەرانی ئەم بزووتنەوە نهێنییە لە سەرانسەری وڵاتدا کەوتنە بەر ڕاوەدوونان، لە 25 ی نۆڤەمبەری 1960دا خوشکانی میرابالّ، لە کاتێکدا بۆ دیتنی مێردە بەندکراوەکانیان دەیان بردن، بەدەست بەکرێگیراوانی »رافائێل تروخێۆ «و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ناوبراو بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە کوژران. هەر بۆیە 25 نۆڤەمبەر بووە پەڵەیەکی ڕەشی مێژووی تا ئەبەد دەمێنێتەوە.




یادکردنەوەی 25 نۆڤەمبەر:

لە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان، ئەوەی کە ئەنجام ئەدرێ بەداخەوە ساڵانە شتێکی دووبارەیە. ژن کوشتن بەردەوامەو بگرە لە زیادبوونیشدایە، بەڵام ڕێکخراوەکان بۆ لە ناوەندە پەروەردەیەکاندا کەسانی دەرونزان و کۆمەڵناسی دانانێن تا بزانن کێشەی خێزانی کچەکان چۆنەو لەژێر چ فشارێکێ نێرینەدان، زۆربەی خۆکوژی کچان و ژنان بەهۆکاری خێزان و کێشەکانی ناوخۆیانە.

ڕێکخراوەکانی ژنان و بەرگری کاران لە ژنان تائێستا نەیانتوانیوە تیمێکی بەهێز پێک بهێنن بۆ بەدواچوون لەسەر ئەو کۆمپانیا و شوێنە تایبەتی و گشتیانەی ژنان و کچان کاری تێدا دەکەن، بەشێکی زۆر لە توندو تیژییە دەروونییەکان لەوێوە دەست پێدەکەن، خاوەنکاری واهەیە ئەوپەڕی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری نابەجێ یان داواکردنی کاری نابەجێ و نەشیاو لە ژنان و کچان دەکەن، ئەی ئەمانە توندوتیژی نین، بۆ دەبێ دوای کوشتن و بڕین بێنە قسە. ژنان و کچانیش دەبێت خۆیان وشیاربن، چونکە مرۆڤی ناکام خۆی بەرپرسیارە لەناکامیەکەی خۆی.

خانمی بەڕێز!

کاتێک کارێکی ناشرین، تەحەڕووش، هەشتێک بۆ تۆ گونجاو نەبێ سەر دامەخەو بێ دەنگ بێت، خاوەن ئازایەتی خۆتبە ئازایەتی ئەوەت هەبێ ئازایەتیەکانت زیندانی نەکەیت، لاواز مەبە بەرامبەر کاروکردەوە قێزەونەکانی نێرینە و نیزامی سیاسی، خۆت بە کەم و کورت مەزانە، مەهێڵە کەس سەرکردایەتیت بکا، لەبەر وشەی میهرەبانی و عاتیفە، بەهاکانی ناخت لەدەست مەدە میهرەبان بە بەرامبەر هەرشتێ پێوست بێت، ڕەقتربە لەو کەسەی بیەوێ بەهەرجۆر و شێوازێک بێت ئازارت بدات، خۆی بەسەرتۆدا بە هەبوو دەربخات، سنور جوانەو ڕێز و شکۆ بۆ هەمووکەس بەقەت خۆی دابنێ.

ژنێک مەبە هەموو کەس پێت وێرێ، کچێک مەبە بە دڵساف و ساویلکەت بزانن، مەردبەو لەهەموو کاتەکان خاوەن قسەو وەڵامی خۆت و مل بۆ هیچ ستەم بێمافیەک مەدە. بەڵکو وابە سام و شکۆ و ڕێزی خۆت هەبێ، بێ دەسەلات و چاو لەبەرامبەر نابەرابەری و هەڵاواردن دامەخە.

تکایە پیاوانیش هەڵمەت و کەمپین دروست مەکەن ، کەژن و کچەکانی خۆتان زیندانن، بەشان و باڵی ژن و کچا هەڵمەدەن کاتێ خۆت قبوڵی ناکەی بە مێینەکانی خۆت بوترێت، داوای هاوسەرگیری و خۆشەویستی و هیچ پەیوەندیەک مەکە کاتێ خۆت ئامادە نیت ئەمانە لە خێزانی تۆدا ڕوودەن، ژن مەکوژە کاتێ خۆت لەو پەڕی سەقافەت ئەبینی. ژن مەکوژە، چونکە ئەگەر ژن بکوژیت هەموو جوانیەکانی ژیان دەکوژیت. بیریشت نەچێت هەمومان قەرزداری ژنین، چونکە هەمومان لەژن خوڵقاوین.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەلایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەوالانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

**bopeshawa@gmail.com**

**www.bopehsawa.net**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا



# تۆ ئاویشت فێری دڵڕەقی کرد

واز لەبێتاقەتی چۆلەکەکان و
کەوتنە خوارەوەی ئەستێرەکان بێنە
ئێمە بەخوامان وت
بەردمان فێری دڵڕەقی کرد
ئاومان سەربەرەو خوار هەڵواسی
چاوی درەختە نەزۆکەکانمان پڕکرد لەگریان
بەهەورمان وت بۆت نییە لەم دەڤەرەوە بڕۆیت
ئێمە ڕێگاکانمان کوشت و بەسەر کۆڵانەکانیشا
گریاین
نەمان دەزانی لەدوای مردنی باران
گیرفانەکانمان پڕ دەبێت لەگلەیی سۆفیە
دڵ شکاوەکان

واز لەم شەڕە جنێوە بێنە
ئەمەندە بەرد مەگرەرە شەپۆلی دەریا نوستوەکان
نەبا خوا لەسەر کورسیەکەی بێتەخوارەوەو
لێمان عاجزبێت

نامەوێت من ناتوانم بەدڵێکی شکاوەوە
بەم گۆڕستانەدا پیاسەبکەم و
بەمردووەکانی هاوڕێم بڵێم
ئەرێ دەکرێت بەبێ دەستدنوێژ نوێژی
ئێوارە لێرەدا بکەم و
یاسینی خۆم بخوێنم

من لەبێتاقەتی ئەو پایزانەش تێدەگەم
کەبەسەر قەراغی مردندا دەڕۆن و
لەهیچ ڕەشەبایەکیش تورەنابن
ئێستا تێدەگەم
بۆهەموو ئێوارانێك دایکم لەبەردەرگا چاوەڕوانی دەکردم و
پێی دەووتم کوڕم ئەوەندە تەماشای ئەوسەری
کۆڵانەکەم کرد خەریکبوو خۆم لێدەبوو بەتۆ

ئێستا تێگەشتم
بۆباران دەبارێت و بۆئێمەش چەتر هەڵدەدەین
هەمیشە ئەو پرسیارەم لەمامۆستای
وانەی دین دەکرد پێمدەوت مامۆستا ئەرێ
ڕۆژی حەشر یەعنی چی و بۆدەبێت
کفن هەرسپی بێت

ئێستا تێگەشتم
هیچ ئەستێرەیەك لەخۆیەوە ناکشێت
ئەگەر تیشکی دەریاکان غەرقی بێتاقەتی نەبێت
ئەم چاوە چاوەی ژیان بێزاری کردوم
هاتوچۆم بەناو تەنیایی خۆمدا فێری بیرچونەوەم دەکات

ئێستا تێگەشم
ئێمە بۆیەکتری دەدەینە بەرگوللەو
بۆچی بەشانو باڵی مردووەکاندا هەڵدەدەین
دایکم تورەیە لێم
زوزو بەچاوێکی پڕلەگریانەوە پێمدەڵێت
پیاهەڵدان بەشانو باڵی مرۆڤە دڵڕەقەکاندا
وەك ئەوە وایە بە ڕەشەبا بڵێیت
ئەرێ بۆئەوەندە دەچیتە بەرئاوێنە و بۆ ئەوەندە
لەخۆت ورد دەبیتەوە

ئێستا تێگەشم
شێتی جوانیە و فڕینیش بەسەر ئاسمانی
ماڵی ئاودا پڕمان دەکات لەخەونی ڕەنگاو
ڕەنگ و لەکەوتنە خوارەوەی بریقەدار
بەدەست خۆم نییە وافێربوم
پێش ئەوەی بنوم دەبێت شەوشاد لەمردووەکان بکەم و
بەبەچکەی قەسیدەکانم بڵێم ئەرێ دەمو دانتان شتوەو شایەتومانتان هێناوە

ئێستا تێگەیشم بۆئەو چەقۆی بەبنە ژێر پیاڵە تیژدەکردەوەو
دەستی دەکرد بەناو گیرفانی
کراسەکانی ژیانی مندا
منێك کەهاوڕێی پەپولەو چۆلەکە دڵسافەکان بووم
بەبیرم نایەت بەئاوم وتبێت دەمت بەرە بەولاوە
بۆنی هەناسەت هەراسانی کردوم

ئێستا تێگەشم ڕاکەڕاك بەدوای سەرابدا
وەك ئەوە وایە بەگوێت بەردا بچرپێنیت و
پێی بڵێیت ئەگەر تاقەتت هەیە وەرە باپیاسەیەك
بەناو کۆڵانەکانی ئەم ژیانە
مەشلولەدا بکەین
وەرەو با بەسەر نووسەری ئەو ڕۆژنامانە بڵێین
ئەوەندە هەواڵی خۆکوشتن و ژن کوشتن
بڵاومەکەنەوە
چونکە دایکم لەبەردەرگا چاوەڕوانم دەکات

واز لەم گڕۆزییە بێنە
من تا ئێستاش هەڵماقۆ لەگەڵ باراندا
دەکەم و پێی دەڵێم ئەرێ باران مانای چیدەگەێنێت
بۆ وەك من بیر لەفڕین
ناکەیتەوەو ببیتە دراوسێی ماڵی سەرابێکی
سەر سپی
ئێستا تێگەشم بۆتۆ ڕقت لێمەو
دایکیشم سەرم دەگرێتە باوەش
....................

**حەکیم میرزا**

گۆشەی ئەدەب و هونەر



# ترس لەپانتایی نوسینی دەقدا..!

## ن/ جەمال نوری

گەر بمانەوێ شرۆڤەو شیکاری ئەم دەقە شیعریەبکەین، دەبێ لەماناو مەدلولی ئەو ترسە بگەین کە پانتاییەکی فراوانی لەزمانی شیعری شاعیردا داگیر کردوە، واتە هەڵەبجەیی ئەو ترسەی کەلای خۆیەوە وێنای کردوە بۆمان، ترسێتی لە مردنی کتێب، ترسێک کە ئیدی کۆمەڵگە دادەڕزێنێ و وڵات بەرەو دارمان و گەندەڵی دەبات، ئەو ترسە هەموو جوغزێکی داگیرکردوە و هیوایەکی نەهێشتۆتەوە، تاوەکو بینای ئومێدی لەسەر بکرێ، ئەوی شاعیر وەک تاکێکی سوودمەندو تەندروست دەیەوێ کۆمەڵگەکەی بەو ئاڕاستە مەترسیدارەدا هەنگاو هەڵنەهێنێ، چون ئەو ڕێگایە سبەینێی داوە لەسێدارەو هیواکانی لەپشتە ملەوە سەربڕیوە، واتە ترسی شاعیر ترسێکی بابەتی و واقعییە، لەئێستاوە تاک بەتاکی کۆمەڵگەکەی لێ بەئاگادێنێ، ئەو لەبەرئەوەی ئارەقەی بۆ بونیادی دیموکراسی و سەرخان و ژێرخانێکی سەردەمیانە ڕشتوە، نایەوێ ئایندەی تەڵخ و لیڵ بێ و سبەینێی نادیاربێ و گەنجەکانی مەملەکەت لە ئەلف و بای ژیان نەگەیشتبێتن.

هەروەک لێرەدا موخاتەبەی کۆمەڵگاکەی دەکات و دەڵێ :-

من ئەترسم

نەوەی جیلەکەی تۆ بڕوا و

ئیترناوی کتێب بمرێ

هەڵبەتە شاعیر لەو ڕاستییە بەڵگەنەویستە باش تێگەیشتوە، کە هەرکۆمەڵگەیەک بە قۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی خۆیدا ڕاگوزەر نەبووبێ، ئەوا بێشک ئەو کۆمەڵگەیە ئایندەی ناڕوون و سبەینێیان نادیار دەبێ، ئینجا ترسی هەڵەبجەیی لەوەیە کە نەوەی جیلی ئێمە بڕواو کتێب بمرێ، واتە خەمە گەورەکەی شاعیر خەمی کتێبە، خەمی نووسینە؟ واتە تەواو پێکاوێتی، هەر کۆمەڵگەیەک گەنجەکانی لەم سەردەمی پۆست مۆدێرنەیا گاڵتەی بەهەموو پیرۆزیەکانی وەک مرۆڤ و خاک و زێدو سروشت و ئاو و هەواو نیشتمان بێ، واتە دژ بە خوێندنەوەبن، ئەوا بەدڵنیاییەوە نوسەری باشی تیا هەڵناکەوێ، چون خوێنەری باش نوسەری باش بەرهەم دەهێنێ، نوسەری باشیش بەوانەدەڵێن کەخاوەن نوسینی هاوچەرخ و بابەتین؛ هیچ نووسەرێکی گەورە، بەبێ تووڕەیی، ناتوانێت بنووسێت؛ و بەبێ نووسین، ناتوانێت لە پشت تووڕەیی خۆیەوە دەرکەوێت. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمە بێت کە فرۆید، لە کتێبی »شارستانییەت و نیگەرانییەکانی«دا، دەڵێت شارستانییەت یەکەمینجار لەو شوێنەدا دەستی پێکرد کە مرۆڤی تووڕە لەجیاتیی بەرد »وشە«ی هاویشت.

لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کەکتێبەکان، ئەرشیفی تووڕەییە دامرکاوەکانی نووسەرەکانیانن. هەرچەندە، هەندێک جار، نووسین ڕێگایەکە بۆ پاراستنی خود لە تووڕەیی، بەڵام ڕێگایەکی باش نییە بۆ دامرداندنەوەی. کتێب، کاتێک دەخەسێنرێت کە نووسین و خوێندنەوەی بگۆڕێت بە ڕێگەیەک بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەیی. دەبێت بنووسین تا تووڕەیی بگۆڕین بۆ «ماڵ»ی خۆمان، دەبێت بنووسین تا لە تووڕەییدا نیشتەجێ بین؛ ئەوەی کە ماڵێکی نییە یا دەبێت لە تووڕەییدا بژین یا نووسینیان بۆ جەنگکردن لەگەڵ تووڕەیی بەکار نەهێنن، بەڵکە جۆرێک تووڕەیی ناتەبایان سەبارەت بە مرۆڤ پەرە پێداوە، تووڕەییەک بۆ پەڕینەوەیەکی ترسناک بەرەو نووسین. لەم ڕووەوە، کتێبی خراپ، ئەو کتێبەیە کە مرۆڤ ئارام دەکاتەوە؛ و کتێبی بێنرخ، ڕێگەی ژیان نیشان دەدات. بەڵام کتێبە گەورەکان، نەریتێک دەچێنن کە مرۆڤ لەپاڵ ئاگری تووڕەیی نووسەردا نیشتەجێ ببێت، و نەک چێژ و جوانی، بەڵکە تووڕەیی نووسەر بە مرۆڤ دەبەخشن.

### (ترسێک لەسبەینێی نادیار!!!)

من ئەترسم

نەوەی جیلەکەی تۆ بڕواو

ئیترناوی کتێب بمرێ

نەوەیەتر

لەدوای ئێوەوە بێتەوەبون

کتێب وەک ئاسار هەڵبگرێ

****

من ئەترسم

بۆنی کاغەزیش نەمێنێ

هەروەک مێخەکو ئەڵفەنی

نەمن کتێب

وەکوجاران بناسمەوەو

نەکتێب بڵێت تۆ حەسەنی

***

من ئەترسم

ڕۆژێک سیاسەت بازەکان

کتێبیش بکەن بەکاڵایە

وەک ڕەوشتو

وەکو وەفاو خۆشەویستی

ئێستا لە گیانەڵا دایە

***

من ئەترسم

سبەی نەوەیەک بێتەبون

بڵێ نالی یەکان بەسەرچون

گوڵەمارانە

بدات لە سنگی حەبیبەکان

لەجێ گوڵی جوانی بەیبون

****

من ئەترسم

کەنەشترسم لەوەی وەیە

سبەی بەدتر لەوەی هەیە

من ئەترسم

نەوەلی جاف شەم بناسێت

نەحەبیبە بزانێ نالیەک هەیە

**(حەسەن هەڵەبجەیی)**

*** لەوەی وەیە واتە:**

**لەو شتەی کەبەڵایە بۆمان**

****مێخەکو ئەڵفەنی جاران**

**ژنان وەک بۆنی ئەم سەردەمە**

**دەیانکرد بەسنگو بەرۆکیاندا**

**هەتابۆنیان بۆهاوسەرەکان**

**خۆشبێت**

## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح








# خەباتی شەقام بەگەشەدانی خەباتی چینایەتی سەرکەوتوو دەبێت

عبدالرحمن رسول

لەکاتێکدا جیاوازی چینایەتی زۆر بێت بەدڵنیایی کاریگەری نەرێنی دەکەوێتە سەر ژیانی کۆی گشتی خەڵک بۆئەوەی بە نارەحەتی و ناخۆشی ژیان بگوزەرێنن، هەروەها لەگەڵ بەرزبوونەوەی جیاوازیە چینایەتییەکاندا ژیانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش ناخۆشتریش دەبێت و لەبەرئەوەی لەگەڵ زیاتربوونی کەلێنی چینایەتی دا هەژاری وبێکاری وبرسێتی زیاتر دەکات.

پێویستە ئەوەش بزانین ئەرکی کۆی گشتی چینی چەوساوە و هەژار و کرێکارو خەڵکی نارازییە کە لەدژی چەوسانەوە و نایەکسانی چینایەتی بێتەمەیدانی تێکۆشان، کاتێکیش بەشێک لەخەڵک لەچینە بێ بەشەکەی لەماف وئازادی، وشیار دەبێتەوە دێتەمەیدانی تێکۆشانی جەماوەری لەجۆری نارەزایەتی وخۆپیشاندان، ئەرکی کۆی گشتییە بەرگری لەخواستە چینایەتییەکان بکات، پشتگیری و پشتیوانی ئەو بەشەبکات کە داوای هێنانەدی ماف وئازادییەکانیان دەکەن.

بەپشتیوانی کردنی ئەو بەشەی کەهاتۆتە سەرخیابان وشەقامەکان بۆ مافە ئینسانییەکانی ئێمە ڕاستەوخۆ دەبینە بەشێکی واقیعی لەگەشەدانی تێکۆشانێکی باشتر و چالاکتر بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر.

بەمانایەکی ڕوونتریش بەم جۆرەیە کە کاتێک ئێمە بەرگری لەخواست و مافی چینایەتی دەکەین واتە بەرگری لەبەشی خوارەوەی کۆمەڵگە دەکەین کەبەهۆی دابەشکاری و جیاوازی چینایەتییەوە بارودۆخی شێوەی ژیانیان زۆر نالەبارو سەخت و دژوارە لەڕووی دەست ڕاگەیشتنیان بە ژیانێکی زۆر سادەی ئینسانی کەلەنێوان مەرگ مانەوەیاندا شەپۆل دەدات، کە بەشێک لەمرۆڤەکان زۆرجار ناتوانن ژەمەکانی خواردنیش بۆخۆیان دابین بکەن. واتە پارەی دابینکردنی ژەمەکانی خواردنیان دەست ناکەوێت و بەردەوام بەهۆی بێ خانەولانەییەوە لەئاوارەیی و قەراغ شارو شوێنە کۆن و ڕووخاوەکانی شارەکان ژیان بەناخۆشی بەسەردەبن. وێڕای ئەوەی کاتێک تووشی نەخۆشی دەبن هیچ جۆرە ئیمکاناتێکی ماددییان لەبەردەستدا نییە.

هەربۆیە گەشەدان بەخەباتی چینایەتی بەئامانجی کەمکردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان، نەک ئەرکێکی سادەیە. بەڵکو ئەرک وپێویستێکی بەردەوامە بۆ هەر مرۆڤێک.

لێرەدا دەتوانین بڵێن ئەوانەی لەسەر شەقامن، خاوەن ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانەی کردارین کە داوا و خواستی ئینسانی بەرز دەکەنەوە، یان لەدژی هەبوونی چەوسانەوە و نایەکسانی وگەشەی برسێتی وهەژاری دێنە سەر شەقامەکان .

ئەگەر ئێمەی نارازی باشتر خۆمان بناسین لەناسینی هێزی ئیرادەی شۆڕشگێڕیدا، ئەوا چالاکانەتر لەهەنگاوەکانی تێکۆشانی جەماوەری دا سەرکەوتوودەبین. هەر کەمتەرخەمێک وتەمەبەلێکیش لەناخی خەڵکی نارازی دا هەبێت ئەوا بێ ئومێدی زاڵدەبێت وتووشی پەرتەوازەیی دەبێت لەم تێکۆشانە چینایەتی ئینسانی یە.

هەربۆیە زۆر گرینگە بەگشتی خەڵک بەرپرسیارێتی لەخۆ بگرێت بۆ گەڕانەوەی ئیرادەی ئینسانی بوونی شۆڕشگێڕانەی خۆی وەک مرۆڤ، کاتێک لەدڵەوە نارازی دەبێت بەرامبەر هەبوونی دزی وچەوسانەوە وگەندەڵی وهەژاری زیاتر لەکۆمەڵگەکەی دا کەپێویستە ئەوبیرکردنەوە نارازییە کە لەناخی دایە لەدژی هەبوونی نادادی و نایەکسانی و هەژاری وبێکاری وسەرکوتگەرییەی لەکۆمەڵگەکەدا هەیە بباتە بواری کرداری شۆشگێڕی سەرشەقامەکان شان بەشانی هاوچینەکەی خۆی.

کە وەک مرۆڤێکی خاوەن ویژدانێکی زیندوو کە هەمان ئەرک دەکەوێتە سەرشانی ئەندام وکادیرانی (حیزبەکانی دەسەڵاتدار بەئۆپۆزیسیۆنەوە) کە لەچینی زەحمەتکێشادان یان نارازین لەهەبوونی چەوسانەوەو گەشەی بێکاری و هەژاری لەکۆمەڵگەدا. دەرئەنجام پێویستە دەکات کە ببنە پشتیوانی خواست وداواکارییە ئینسانییەکان، کاتێک خەڵکی نارازی لەمەیدانی تێکۆشانەکاندایە بۆ هێنانەدی مافە ئینسانییەکان.

هەر کەمتەرخەمییەک لەو ئاستەدا خزمەت بە ملهوڕی چەوسێنەر دەکات و دواتر ناڕاستەوخۆ بەبێ خواستی خۆیان دەبنە هاوبەشی تاوانەکانی دەسەڵاتی چەوسێنەرو دزو گەندەڵکار.

هەبوونی ئەم هەستە ئینسانییە بۆ هێزە چەکدارەکان وسوپا وپۆلیسەکانیش هەر ڕاستە ئەگەر ویژدانی ئینسانیان هەیە، ئەگەر دڵیان بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر لێدەدات، دەبێت دەست هەڵبگرن لەئازاردان وئەشکەنجە وزیندانیکردنی گەنج ولاوان و خوێندکاران و تێکۆشەرانی سەرخیابانەکان و بچنە ناوهێزی خەڵکی نارازییەوە پشتیوانی خواست و مافە ئینسانییەکانیان بکەن.

هەرکاتێکیش لەسەروی خۆیانەوە فەرمانی تەقەکردن یان ئازاردانی خۆپیشاندەران کرا جێبەجێی نەکەن. ئاخر زۆر شەرمەزارییە گەنج وخوێندکارێک یان کرێکارو مامۆستایەک داوای پێدانی هەقدەستی کارکردن یان (دەرماڵە) بیمەکەی بکات، بەڵام بەرشەق و زلە و بەر فیشەک بدرێت و ئازاربدرێت، ئەم کردەوەی مرۆڤە فاشیزمەکانە، ئەگەر ناتانەوێت پێتان بگوترێت فاشیزم ومرۆڤکوژ چیتر بەرگری لەو دسەڵاتە بۆگەن وچەسێنەرو دزو گەندەڵە مەکەن بەخۆتان وچەکەکانتانەوە بچنە ناوخەڵکی نارازی سەرخیابان وشەقامەکان ئەودەسەڵاتە دزو چەوسێنەرە لەگۆڕبنێن، دەنا لەکۆتایی ئەو دەسەڵاتەدا بەدەستی خەڵک تفباران دەکرێن نەفرەتان لێ دەکرێت.

ئەم خەڵکەی نارازییەی کە لەخیابانەکان ڕوبەڕووی دەسەڵات و حکومەت دەنگ بەرزدەکاتەوە لەدژی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری وبێکاری وبرسێتی وئاوارەیی ئەم مرۆڤانە بەهەبوونی ئیرادەی ئینسانی چەمانەوەو سواڵکردن و کڕوزانەوەی خۆیان لەبەرامبەر دزو گەندەڵکارانی دەسەڵات بەهەموو شێوەیەک ڕەد دەکەنەوە.

ئەوانە گەنج و لاوی لێهاتوویی ئازان لەسەر دەستی ئەم مرۆڤە ئازایانە کۆمەڵگەیەکی نوێ تر وباشتر بەدی دێت، نەک لەسەردەستی مرۆڤە دزو گەندەڵکارانی دەسەڵاتدار کەبەزۆر خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندووە.

ئەم چینە شۆڕشگێڕە باش تێگەیشتووە کە هێنانەدی نان، کار، ئازادی و کەهێنانەدی پێکەوە ژیان کەهێنانەدی ئارامی و ئاسایش مەحاڵە بەبێ تێکۆشانێکی یەکگرتوانەی جەماوەری کە ئامانجی هێنانەدی یەکسانی ئابووری و نەمانی جیاوازی چینایەتییەکان بێت.

هەروەکو کارڵ مارکس دەڵێت: داواکانی ئێوە بۆ ئازادی و برایەتی و ئاسایش و پێکەوەژیان، مەحاڵە بەبێ یەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و ئاین و نەتەوە، واتە مەحاڵە بەبێ ژیانێکی هەرەوەزکاری لە کۆمۆنەکادا.

زۆرجار مرۆڤ لەتێکۆشانی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر بێ ئومێد و بێ هیوا دەبێت هەربۆیە لەدەست چەوسانەوە ونایەکسانی وگەشەی بێمافییەکان بەناچاری پەنا بۆ ئاوارەیی دەبات، ئەمەشیان بەشێکە لەتاقیکردنەوەی ململانێکان بۆ هێنانەدی ژیانێکی باشتر، ئەگەرچی زۆرجار تووشی قوربانی دانی سەختیش دەبێت لە ڕێگای هێنانەدی ئامانجەکەی دا.

مرۆڤەکان بەردەوام ڕێگای جیاواز بۆ هێنانەدی ژیانێکی نوێ تر دوور لەبرسێتی و چەوسانەوە دەگرنە بەر بەڵام دواجار بەهۆی شکست و کەوتنەکانیانەوە دەگەن بە وشیاری چینایەتی وخۆی لەتێکۆشانی چینایەتی دا دەبینێتەوە. کە لەئاکامدا بەتێکۆشانی چینایەتی خۆی وکۆمەڵگە ڕزگار دەکات لەدەست زوڵم و دزی وتاڵانی وچەوسانەوە.

لەبارەی ئەم جۆرە تێکۆشانەوە ترۆتسکی دەڵێت: هەڵسن بەڕێکخستن و کۆکردنەوەی مرۆڤە یاخییەکان . خۆتان بە دوور بگرن لە جوێندان، جوێندان میراتی کۆیلایەتییە، خۆتان بە دوور بگرن لەو ڕەفتارە نەشیاوەو هەڵسن بە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی مرۆڤە یاخییەکان. ببنە ناوەندێک بۆ ڕێکخراوبوون، ببنە دەنگی هۆشیاری و بەرەنگاربوونەوە، تا لەبری جوێندان و دەنگ و هاواری بێ ئەنجام، ببنە ڕێکخراوێکی سەرتاسەری و تێبکۆشن بۆ شۆڕشێکی بونیادنەر.

کەوایە کارە دروستەکە بۆ هەر مرۆڤێکی نارازی لەهەبوونی دەسەڵاتێکی دزو چەتەو تاڵانچی ڕێکخراوبوونە لە بزوتنەوەی جەماوەری نارازی چینایەتیدا کە ئامانج و خواست و مافە ئینسانییەکان بەدی بهێنێت.

ئەوە ئاشکرایە بەرپرسانی باڵای دەسەڵاتە ملهوڕەکان زۆر باش دەزانن و بەئاگان لەوەی کە خەڵک چی دەوێت و داواکاری چییە کەلەخیابانەکان نارەزایەتی وخۆپیشاندان ئەنجام دەدات، بەڵام خواست وداواکارییەکانیان بەبیانوی جۆراوجۆر بۆ جێبەجێ ناکات کەخودی خۆشی دەزانی بیانوەکانیان هیچ و فریوکارانەیە.

پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی خواست و داواکارییە سادە ئینسانییەکان جێبەجێ ناکات؟ وەڵامە دروستەکە ئەوەیە زۆر باش دەزانێت کاتێک بەشێک لەخواستەکانی جێبەجێ کرد خەڵک دەست هەڵناگرێت لەداواکاری و نارەزایەتی، لەبەرئەوەی بەردەوام داوایی ژیانێکی باشتر دەکات .

کاتێکیش خەڵک داوای ژیانێکی باشتر بکات و حکومەت جێبەجێی بکات ئەوکات دەبێت هەڵسێت بەکەم کردنەوەی جیاوازە چینایەتییەکان و زیادبوونی داهاتی ڕۆژانەی هەژار وبرسییەکان وکرێکار وزەحمەتکێشان لەکاتێکیشدا ئەم هەنگاو بگرێتە بەر دەبێت ڕێگری بکات لە زۆربوونی داهاتی سەرمایەدار وخاوەن کۆمپانیاو بازرگانەکانی دەسەڵات، هەرگیزیش ئەو هەنگاوە نانێت، چونکە سەرۆک وبەرپرسەکانی حکومەت نایانەوێت پارەوداهاتیان کەم بکات، تەنها ئامانجیان قازانجی زیاتر و کۆکردنەوەی پارەی زیاترە لەو پێناوەشدا باکییان نییە بە لەبرسان مردن وخنکاندن وبەنەخۆشی مردن و قوربانی دانی مرۆڤە کرێکارو هەژارو چەوساوەکانی کۆمەڵگە، چونکە لەلای دەسەڵات بەپلە دوو ئەژمار دەکرێن.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئامانجە دژە ئینسانیانەدایە کاتێک هەنگاو بەگەشەدانی کەرتە تایبەتەکانی خوێندن و تەندروستی و کارەبا و ئاو و هاتوچۆو بەشەکانی تری کۆمەڵگە دەدات، هەر بۆیە لەبێ ئاگایی یەوە نییە کە خزمەتگوزاری پەروەردەیی و تەندروستی و کارەبا و ئاو بێ ئەرزش دەکات و گرینگی پێنادات، بەڵکو بەوشیارییەوە چەندەها ساڵە هەمان هەنگاوی دژەئینسانیان ناوە، بەڵام خەڵک بەگشتی خۆشباوەرو ساویلکانە بە بەڵێن ونووسین وقسەکانی دەسەڵاتداران هەڵخەڵەتاوە، دواتر حیزبەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنیش بەناوی چاکسازی و ڕیفۆرمی حکومەتەوە جارێکی تریش خەڵک فریودراو ئەمەش بۆتە هۆکاری گەشەی بێ ئومێدی لەتێکۆشانی جەماوەری بۆ ڕێکخراوبوونیان لەبزوتنەوەی چینایەتیدا بەناچاری لەدوایی قوربانیدانی سەرخیابان وشەقامەکان ئاوارەی وڵاتان دەبن کەدواتر بەشێکیان دیسان دەبنەوە قوربانی و ئازار ونارەحەتی زۆر دەبینن.

هەربۆیە دەسەڵاتەکان زۆر بێباکن لەنارەزایەتییەکان، چونکە خەڵکی نارازی ڕێکخراو نەکراون لەبزوتنەوەی چینایەتی خۆیاندا.


بەئاسانی دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەر دەیەوێت ئەم کردەوە دژە ئینسانییانەی بۆ بچێتە سەر. گەر ئەمانەی بۆ چووەسەر، نەک چیتر پشتگیری ئەو دەزگاو دامەزراوانە ناکات کە خزمەت بە زۆرینەی هاوڵاتیان دەکەن، بەڵکو هەوڵ ئەدا، ئەوەی پێی دەڵێن جۆرەکانی دەرماڵە یان (بیمەیە) بۆ مامۆستا و خوێندکارو کرێکارو فەرمانبەرو خانەنشین نەیدا، یان کەمی بکاتەوە، هەروەها هەوڵ ئەدا، کار بۆ پێدانی هیچ جۆرە بیمەیەک نەکات، بیمەی بێکاری، بیمەی تەندروستی ئەوانە دەبێتە خەون. لەژێر ئەم جۆرە سیستەم ودەسەڵاتە کۆنەخوازو چەوسێنەردا.

بەکورتی و کوردی ئامانجی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە، تەنها کۆکردنەوەی سەرمایەو پارەو پولێکی زیاترە بۆئەوەی ئەوانەی لەناوحکومەت و پەرلەمان وحیزبەکانی دەسەڵاتدان هەر زیاترو زیاتر ببنە خاوەن پارەو کۆمپانیای گەورەی جیهانی.

چارەسەر بۆ دەسەڵاتێکی بەم جۆرە تەنها ڕاماڵین و ڕوخاندنیەتی بەڕاپەڕین وتێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کەبتواندرێت لەبزوتنەوەی جەماوەری شوراکاندا ڕێکخراو بکرێت وکۆمیتەی چەکداری وکۆمیتەی نهێنی بۆ دابمەزرێندرێت، بۆئەوەی هەنگاو بە هەنگاو باشتر پارێزگاری لەخەڵکی نارازی وخۆپیشاندەران بکرێت، شێوازێکی جیاوازتر لە کاری حزبی بێتەکایەوە کە بتوانێت ڕادیکاڵانە و چالاکانەتر گۆڕانکاری بکرێت لەسیستەم و دەسەڵات وکۆمەڵگەدا. تا بۆ هەتا هەتایە سەری ئەوزێرابەی دەسەڵاتی ملهوڕ دابخرێت. خەڵک خۆی ئیدارەی کۆمەڵگا بە هەرەوەزکاری لەحکومەتی شورایی دا بەڕێوەبەرێت...

# دانا ڕەشید: پێگەی هەرێمی کوردستان نە لە ڕابوردودا ئەو سوودو قازانجەی بۆ گەلی کورد هەبووە، و نە لە داهاتوشدا دەیبێت...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز (دانا ڕەشید) چالاکوانی مەدەنی سەبارەت بە عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق...



**بۆپێشەوە: بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بەرێژەی لە ٢٠% واتە ٨٠% لەسەدی خەڵکی عێراق، هەڵبژاردنیان ڕەتکردۆتەوە، ئایا هەڵبژاردنێکی ئاوا هیچ شەرعیەتیکی قانوونی هەیە؟ ئەو ئەندام پەرلەمانانە نوێنەری لەسەدا بیستی خەڵکن، لەبەرامبەر بە ڕەتکردنەوەی هەشتا لەسەدا، ئەمە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

**دانا ڕەشید:** بەرای من لە دۆخێکی وەک ئەم دۆخەی ژیانی کۆمەڵگەکانی عێراق بە گشتی، هیچ جۆرە هەڵبژاردنێک شەرعیەتی نییە، ئەوەش لەبەر نەبوونی حکومەتێک کە لایەنی کەم ماف و ئازادی تاکی لە کۆمەڵگەدا دەستەبەرکردبێ. لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتی حیزبی کە هەر حیزبە خۆی کردووە بە حاکمی ناوچەو شارێک و دەستی مافیا و کۆمپانیا خوێنمژەکان، و بوونی بێدادی و هەژاری و نابەرامبەریەکی لە ڕادە بەدەر، کە هەڵبژاردن ئەگەر ڕێژەی بەشداریکردنیش بەرز بێت؟ بەڵام لە دۆخێکی وەهادا چ گۆرانکاریەک بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە ئەم ڕێژە کەمەی بەشداریکردن جۆرێک بوو لە ڕەتکردنەوەی ئەم بارە سیاسیە، و لە ئەساسدا بۆ لێسەندنەوەی ئەو شەرعیەتە کە پێی دەوترێت شەرعیەتی هەڵبژاردن .

**بۆپێشەوە: پڕۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوای هەڵبژاردنەکان چۆن دەبینن؟**

**دانا ڕەشید:** پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوای هەڵبژاردنەکان، من وای دەبینم کە لە شوێنێکی ترەوە گفتوگۆ دەکرێت و دەسەپێنرێت، ئەگەر ئێران و ئەمەریکا لەسەر هەر کەسایەتیەک رازی نەبن، ئەوە پلەی سەرۆک وەزیران یان سەرۆکی پەرلەمان یان سەرۆک کۆمارو ئیتر هەر وەزیرێک و کەسێکی گرنگ بێ ڕەزامەندی بە پلەی یەک ئێران و ئەمەریکا هیچ پۆستێک وەرناگرێ، بۆیە ئەو پرۆسەیە وابەستەیە بە ئێران و ئەمەریکاوە لە ناوچەکە.

**بۆپێشەوە: پێگەی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبێت، ئایا لاتان وایە دەتوانن پۆست و جێگا و ڕێگای پێشوویان بەدەست بهێننەوە؟**

**دانا ڕەشید:** پێگەی هەرێمی کوردستان نە لە ڕابوردودا ئەو سوودو قازانجەی بۆ گەلی کورد هەبووە، و نە لە داهاتوشدا دەیبێت، بەتایبەت کە هەمیشە هەردوو پارتی خۆسەپێن یەکێتی و پارتی؛ هەمیشە ململانێی دەسەڵات و حیزبیان قەزیەی کوردی کردووە بە ژێر پێی خۆیانەوە، تەنها کۆمەڵێ موچەخۆرن بە پلەی ئیمتیازو هیچی تر.

**بۆپێشەوە: حکومەتی داهاتووی عێراق، وەکو حکومەتەکانی پێش خۆی لە ژێرکاریگەری دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکەدا پێک دێت، یان دەتوانێت لانی کەمی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت؟**

**دانا ڕەشید:** لەراستیدا هەمیشە وا بووە، پڕۆسەی سیاسی بەگشتی وحکومەتە یەک لەدوای یەکەکان لە عێراق لەژێر کاریگەری و هەیمەنەی دەوڵەتە ئیقلیمیەکان و ئەمەریکا بووە. حزب و دارودەستەکانیش بەپێی بەرژەوەندی ئەوان حکومەتیان بەڕێوەبردووە.

**بۆپێشەوە: چەندین خۆپێشاندان بەدژی ئاکامی هەڵبژاردنەکان لە بەشێک لە شارەکانی عێراق دەستی پێکرد، ئەم خۆپێشاندانانە تا چەندە کاریگەری لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەبێت؟**

**دانا ڕەشید:** راستە بەردەوام خۆپیشاندان کراوە و بەردەوامیش دەکرێ، ئەوەش بۆ دروستکردنی فشار نییە لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان، بەڵکو لەتاو بێدادی کۆمەڵایەتی و نابەرامبەری ژیانە زیاتر. ئەوەی دەگەڕێتەوە بەخۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە کە لەلایەن هێزە دۆڕاوەکانەوە بەڕێوە چوو، بەڕای من هیچ کاریگەریەکی نابێت.

**بۆپێشەوە: مقتەدا سەدر دەڵێت "دەبێت ملیشیاکان هەڵبوەشێنەوە، تاچەندە لاتان وایە میلیشیا چەکدارەکان هەڵدەوەشێنەوە، بە میلیشیاکانی سەدریشەوە؟**

**دانا ڕەشید:** موقتەدا سەدر سەرەتای ڕووخانی حکومەتی صدام دژی داگیرکاری ئەمەریکا بوو، و بەو دژایەتیکردنە هێزی گرت، دوایی کە تێگەیشت بەوجۆرە بێهێزو ریسوا دەبێت، بۆیە ئەویش خۆی وەک لایەنەکانی تر گونجاند، بەڵام باجی ئەو دژایەتیەی ئەمەریکایدا، بەوەی کە چەندین ساڵ لە پرۆسەی خۆ فەرزکردن دواکەوت. ئێستا کە بەتەواوی لەژێر هەیمەنەی ئێران و ئەمەریکادایە، بۆ یاریەکی نوێ هەڵیان بژاردووە، ئەگەر بیەوێ میلیشاکان هەڵبوەشێنێتەوە ئەوە یەکەمجار دەبێ میلیشیاکەی خۆی تەفروتونا بکات! چونکە خۆی خاوەنی میلیشیایەکی بێ رەحم و وێرانکەرە. بۆیە دەستبردن بۆ ملیشیاکان کە زۆربەی هێزەکان هەیانە، بەمانای نەمانی ئەو هێز سیاسیانە دەکات. بەنموونە ملیشیاکانی یەکێتی و پارتی، ئەگەر هەڵبوەشێنەوە؟ ئەوا ناتوانن بۆ ماوەیەکی کەمیش نەحوکم بکەن و نەدەسەڵاتیشیان بەوجۆرەی ئێستا دەبێت.

**بۆپێشەوە: چۆ دەڕواننە لێدوانی مقتەدا سەدر سەبارەت بەوەی دەڵێت "حکومەتێکی نیشتیمانی پێکدەهێنین کە دوور بێت لە پشک پشکێنەی قەومی و تایفی؟**

**دانا ڕەشید:** نە موقتەدا سەدرو نە غەیری ئەو ناتوانێ حکومەتێکی نیشتمانیی دروست کات! لەبەر هۆیەکی سادە، لە عێراق نیشتمان بەمانا راستیەکەی کۆتایی پێ هاتووە. ئەوەی هەیە گۆرەپانی تاڵانی و ململانێیە لە نێوان کێ دەستی درێژ بێ و کێ بەهێزی گۆرەپان بێت ئەو بەشە کێکە گەورە و زۆرەکە بۆخۆی دەبات.

**بۆپێشەوە: خۆپیشاندان و ڕەوی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان و عێراق بۆ دەرەوە، لەدوای هەڵبژاردنەکان چیمان پێدەڵێن؟**

**دانا ڕەشید:** کۆچ و ڕەو بێهێزترین هەڵبژاردە و قەراری مرۆڤە لە دۆخی بێهێزترین و نابەرامبەرترین جۆری ژیاندا، مرۆڤ کە هیچ هەڵبژاردنێکی تری بەدەستەوە نەما لە ژیانیدا، پەنا بۆ کۆچ و ڕەو دەبات، واتە ڕەو خۆی ڕەت کردنەوەی ئەو بارە ناهەمواریە کە تێیدایە و نائومێدی کردوە لە توانای گۆڕانکاری.

**بەرای من لە دۆخێکی وەك ئەم دۆخەی ژیانی كۆمەڵگەكانی عێراق بە گشتی، هیچ جۆرە هەڵبژاردنێك شەرعیەتی نییە، ئەوەش لەبەر نەبوونی حكومەتێك كە لایەنی كەم ماف و ئازادی تاكی لە كۆمەڵگەدا دەستەبەركردبێ**

**موقتەدا سەدر ئەگەر بیەوێ میلیشاکان هەڵبوەشێنێتەوە ئەوە یەکەمجار دەبێ میلیشیاکەی خۆی تەفروتونا بکات! چونکە خۆی خاوەنی میلیشیایەکی بێ رەحم و وێرانکەرە. بۆیە دەستبردن بۆ ملیشیاکان کە زۆربەی هێزەکان هەیانە، بەمانای نەمانی ئەو هێز سیاسیانە دەکات. بەنموونە ملیشیاکانی یەکێتی و پارتی، ئەگەر هەڵبوەشێنەوە؟ ئەوا ناتوانن بۆ ماوەیەکی کەمیش نەحوکم بکەن و نەدەسەڵاتیشیان بەوجۆرەی ئێستا دەبێت..**

## درێژەی...نەکۆچکردن چارەیە بۆخەڵکی کوردوستان و نە دەبێ کۆچیشی پێبکرێت

کوردایەتییان هەیە تاکو وەبەرهێنانی سیاسی بۆ بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بکەن؟؟ ئەگەر دەرکەوت کە بەڵێیە و بۆ ئەو مەبەستە بووە، ئیتر دەبێ وەڵامیان بۆ خەڵکی کوردوستان چی بێت کە دەرکەوت و ئاشکرا بووکە: بابە ئەوەتە ئەوانەش وەک بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان کۆچڕەویان بەخەڵک ئەنجامدا.؟

بە بڕوای من هەڵگرانی بیرۆکەی کۆچپێکردنی بەکۆمەڵی خەڵک زۆر کورتبینانە و ناسیاسییانە مامەڵە لەگەڵ بابەتێکی گەورەو گرنگی وەک کۆچی خەڵک دەکەن. بە بڕوای من ئەوەی کە ماهییەتی ئەو دەسەڵاتەی کوردوستان شارەزابێت، ناچێت پێشنیاری کۆچڕەوی بەکۆمەڵ بۆ خەڵک بکات.

کۆچڕەوی بەکۆمەڵ، لەسەردەمی ئێستادا، نەپێی دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەرژەوەندی خەڵکدا بهێنێتە سەرخەت و نە دەبێتە هۆی فشاریش بۆسەر دەسەڵاتی کوردی. چونکە یەکەم: ئێستا هەموو شتێک گۆڕاوەو زەمان زەمانی سی یان بیست ساڵ لێرەوە پێش نییەو کۆچڕەوی بەکۆمەڵی خەڵک بۆتە شتێکی ئاسایی بە نیسبەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆیان لەوبارەوەو بێ خەتا نین. دەسەڵاتی کوردوستانیش بە کۆچڕەوی بە کۆمەڵی خەڵکی نە ویژدانی دەبزوێت و نە دەشڕوخێت و نە ناوەڕۆکی سیستەمەکەشی لە بەرژەوەندی خەڵک ئاڵوگۆڕ پێدا دێت. دەگونجێت لە ڕووی بەڵێنەوە بگۆڕێت و زۆرتر بەڵێن بدات بەڵام بە کردار هەر وەک خۆی دەمێنێت. دەسەڵات بە بەرەنگاری و وەستانەوەی بە کۆمەڵی خەڵک و نارەزایەتی بە کۆمەڵ و یەکگرتوویی خەڵک لە دژی کاری تێدەکرێت، نەک بەمەیدان چۆڵکردن و وەڵات بەجێهێشتن بۆی.

لە جیاتی کۆچپێکردنی خەڵک، دەبێ پێشنیار بکرێت کە خەڵک لەنێو حیزبی خۆیدا خۆی ڕێکبخات. دەبێ پێشنیاربکرێت کە خەڵک لە باتی وڵات بەجێهێشتن بۆ ئەو دەسەڵاتە گرگنە بەرەنگاری و وەستانەوە بە دژی هەڵبژێرێت. وە دەبێ لەو نێوەدا خاوەنی پێشنیار خودی خۆی بەکرداری تا ئەو شوێنەی کە بۆی دەگونجێت لەناو ئەو ئەو پێشنیارەدا بیت. دەبێ پلان و ڕێگای گێڕانەوەی ئیرادە بۆ خەڵک بگیرێتە بەر، نەک پلان و ڕێگای هێندەی دیکە ڕووخاندنی ورەو ئیرادەی خەڵک. کۆچپێکردنی خەڵک بریتییە لە ڕوخاندنی هێندەی دیکە لە ورەی خەڵک، لە ئیرادەی خەڵک، لە بری بەرەنگاری، لە بری وەستانەوە بە دژی زوڵم و ستەم. بە بڕوای من خاوەنانی ئەو بۆچوونەی کۆچپێکردن ناڕاستەوخۆ خزمەت بە دەسەڵات و مانەوەی دەسەڵات دەکا.

ڕێگاچارە زۆرن بۆ ئەوەی ژیانی خەڵک خۆشبکرێت و ڕزگاریان ببێت لەدەست دەسەڵاتێکی سەرکوتگەرو ستەمکەری وەک دەسەڵاتەکەی هەرێمی کوردوستان. نابێت یەکسەر بازدەین و بچین بەرەو ڕێگاچارەی کۆچپێکردنی خەڵک. پێش ئەو ڕێگاچارەیە دەیان ڕێگا چارەی تری گونجاوترو سەلامەت تربۆ خەڵک هەن. ڕێگاچارەی کۆچپێکردن نەک هەر نابێ لە ئاخر پلەشدا پەنای بۆ بەرین، بەڵکو هەرگیزاو هەرگیز نابێ وەک ڕێگەچارە بیریشی لێبکەینەوە. ئەم ڕێگەچارەیە هی بزووتنەوەی کوردایەتییە کە ژیان و گوزەرانی خەڵکی بۆ مەبەست نییە، بەڵکو بەرژەوەندی خۆیان بە پلەی یەکەم دێت.

لە هەر چوار لای دنیادا زۆر کەم شوێن و وڵات هەیە خەڵک ڕانەکات لەدەست سیستەمی سیاسی حوکمڕانی وڵاتەکانیان. لە هەندێک شوێنیش بە ملیۆنان لە خەڵکی وڵات بەجێدەهێڵن. بۆ نموونە لە ئەفغانستانی ئێستا، بەڵام تاڵیبان مێش میوانی نییەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بێچارە و دەستەوستانە. کورتەی مەبەستم ئەوەیە کە نابێت هەمان تاکتیک و پلانی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ مەرامی سیاسی لەسەر شانی خەڵکی کوردوستان جێبەجێ بکرێت. وە نابێت خەڵک بکرێتە وەسیلەی جێبەجێکردنی ئەو جۆرە پلان و تاکتیکانە. لە بیرتان بێت وتە مێژووییەکەی مام جەلال!! کە بە پێنوسی نەوشیروان موستەفا تۆمارکراوە لە بیرەوەرییەکانیدا کە وتویەتی: "ئاخ بۆ هەڵەبجەیەکی تر"!!! ئەمەیە وەبەرهێنان و بەکارهێنانی خەڵکو قوربانییەکانی خەڵک بۆ بەرژەوەندییە سیاسییەکان... بۆچوونی کۆچپێکردنی بەکۆمەڵ لە ئێستادا، بە بڕوای من، کاریگەرییە خراپەکەی لەسەر خەڵک لە نەتیجەدا هیچی کەمتر نییە و نابێت. دەبێ لەو جۆرە کارانەو وەبەرهێنانە سیاسییانە خۆ بە دووربگیرێت ئەگەر دەتانەوێت هاوتەریب نەبن لەگەڵ ویست و ئارەزووەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا!!

## درێژەی....هۆکاری نارەزایەتی هاوپەیمانی فەتح لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان چییە؟

بەسەردا سەپاند. هێزی کاریگەر و بڕیادەرەی بێ گەرانەوەیە لە واقعیەتی سیاسی عێراقدا. بەشداری نەکردنی زوربەش لە هەڵبژاردنەکاندا و تەنانەت ریسواکردنی پرۆسەکە، بەیانی داخستنی ڕێگاکانی سازش بوو بۆ پاشەپێکردن بەو بزوتنەوەیەی بۆ "هەلی کار و نان و خزمەتگوازرییەکان و ماف و ئازادییەکان و دەستیوەردانی دەرەکی" هاتە مەیدان. ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە، ئەگەر بتوانێت بەسەر لاوازییەکانی خۆیان زاڵ بیت، لە پیش هەموویانەوە دەست ببات بۆ خۆریکخراوبوون لە ئاستی ناوەند و کارگەو محەلاتەکان و لەهەر جوڵانەوەیەکی داهاتوودا تیکەڵی نارەزایەتی شەقام و گۆرەپانی تەحریرەکان ببێت... وە هاوکات گرفتی رابەرایەتی سەراسەری وەڵام بداتەوە، دەتوانێت ئایندەی سیاسی عیراق، بە دیوێکی تردا بگورێت، کە ئیرادەو توانایی جەماوەری تیایدا میحوەرو بنیات نەر دەبێت. ترسی سەرەکی و بناغەیی بۆرژوای لە عێراق و ناوچەکەشدا، ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە جەماوەرییە نەک پاشەکشەی لایەن و هاوپەیمانیەتیەک لە هەڵبژاردنەکاندا. ئەگەر هاوپەیمانیەتی فەتح نیگەرانە لە پاشەکشەی لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوا نیگەرانی سەرەکی ئەو لەپاڵ هیزە ناکۆک و نەیارەکانیدا، هەر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ریشە داکوتراوە، کە پشت ئەستوورە بە راپەرین و خرۆشانی سالی ٢٠١٩...

**تیبینی: ئەم وتارە لە ئۆکتۆبەری ژمارە ٢٤ دا بڵاوبۆتەوە...**

## درێژەی دوا وتە

ئاڵای بزوتنەوەیەکی سیاسی و کەلتورێکی دیاریکراوە، ئاڵای رەوت و بزوتنەوەی سیاسی ناسیونالیزمی کوردە، ئاڵای ئەو حزب و لایەنانەیە کە هیچ بەهایەک بۆ ئینسان، بۆ خواستەکانی، بۆ داواکارییەکانی بۆ ئیرادەو شکۆی ئینسانی و بۆ ئازادییەکان نەک دانانێن، بەڵکو لە بەرامبەریاندا وەستاوەتەوە. ٣٤ هەزار ئینسان لەژێر سایەی ئەو ئاڵایەدا، لە جەنگی ناوخۆی دەسەڵاتدا بوونەتە قەرەبروت و بەهەزارانیان هیشتا گڵکۆکەشیان دیار نییە. لە ژێر سایەی ئەو ئاڵایەدا لوولەی چەکی گەرمی مافیاکانی دەسەڵات سنگی دەیان و سەدان لاوی کون کون کردووە کە بۆ خواستەکانیان هاتونەتە مەیدان. دەیان رۆژنامەنووس و نووسەر و نەیاری سیاسی دەسەڵات، لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا ژیانیان لێ سەندراوەتەوە. بەهەزاران ژن بەدەستی ئاڵابەدەست و ئاڵاسالاری و پیاوسالاری، قەسابی کراون. بە دەیان هەزار لاو لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا ژیانیان لێ زەوتکراوە، بۆیە بەناو ڕیگای سەخت و تەلبەندو ئەلغام ریژ و سەگ رێژ و پۆلیس رێژدا، بەسەر شەپۆلە بێ رەحمەکانی دەریادا، لەناو لۆرییە هەناسەبرەکاندا، گیانیان لەدەستداوە. کرێکاران بەهۆی نائەمنی کارەوە یان بەهۆی کەمی موچەوە گیان لەدەست دەدەن و ژیانێکی مەمرەو مەژیان هەیە. مامۆستا و موچەخۆر، وانەبیژ، خانەنشینان و کەم ئەندام، نوسەر و رۆژنامەنووس و کاسبکاری بازار و دەستفرۆش... لە سەختترین دۆخدا راگیراون، وە لەژێر ئەو ئاڵایەدا، سوپاو دەزگا جاسوسیەکانی وڵاتەکانی ناوچەکەو مافیاکانیان ئاڵای داگیرکاریی و ستەمیان دەلەرێتەوە.... لە هەلومەرجێکی ئاودا، ئاڵا چ واتایەکی هەیە.... پیرۆزی ئاڵا چییە؟

حزبەکانی دەسەڵات بۆیە بەرگری لە ئاڵا دەکەن، چونکە بەپێچەوانەی جەماوەری فراوانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە، بۆنەتە فیرعەونی کۆمەڵگە. بەهەشتیان بۆ خۆیان و کەسوکاریان خوڵقاندووە، ژیانی بەهەشت ئاساو موچەی مادام العومریان زامنە... پێشکەوتوترین ئامرازەکانی ژیان و خۆشگوزەرانیان لەبەردەستە... هاوکاتیش بەرگری لە ئاڵایان کردۆتە پاساو بۆ هیرش بۆسەر خۆپیشاندەران.

لەناو تورەیی دەیان هەزار خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگاکان، ئەگەر خوێندکارێک یان چەند خوێندکارێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی خۆیان بە ژێرپیخستنی ئاڵا تەعبیر لە تورەییەکەیان بکەن... ئەمە سوکایەتی نییە، ئەمە شێوازی دەربرینی نارەزایەتیەکی قوڵی کەڵەکەبووە. دیارە کاری چەند خوێندکارێک، هەرگیز بەراورد ناکرێت بە کاری نەخشەمەندانەی ئەو لەشکرە لە کادرانی حزب بۆشێواندن و ناشیرینکردنی خۆپیشاندان و نارەزایەتی رەوای خوێندکاران. ئەوەی کتێبخانە دەسوتێنێت خوێندکاری زانکۆ نییە، کاری ئەوانەیە زانست و پیشکەوتن بە مەترسی بۆسەر دەسەڵات، دەزانن.

بەکورتی کاتێک ئینسان بەهای بۆ دانەنرا، کاتێک بەهای کاڵا و ئاڵا بەرزتر لە بەهای ئینسان بوو، ئاڵا بۆسوتاندن و هینانەخوارەوە و ژێپیخستن باشە، و جێگای ڕیز و شانازی... نییە.

کێشەی هەرە سەرەکی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە، ٣٠ ساڵە، ئیرادەی ئینسان و تاکەکانی کۆمەڵگە ژێر پێدەخات، مافەکانیان و ئازادییەکانیان و خولیاکانیان، دەخنکێنێ و خوازیاری ئەوەشە سوپاس گوزاری بن. هیچ کرێکار و کارمەند و موچەخۆر و لاو و ژن و ئینسانێکی ئازادیخواز، ریز بۆ ئاڵایەک دانانێت، کە لەژێر سایەیدا توشی سەخترین رۆژ ڕەشی بۆتەوە... کاتێک بەهای ئینسان پیرۆز نەبێت و وەکو بەرزترین سەرمایە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت و ریزی لێنەگیرێت... ئاڵا بی بەها دەبێت و ناتوانێت کەسیش فریو بدات. لەوەش زیاتر بۆ نارەزایەتی دەربڕین ئاڵاش گڕدەدرێت و ژێر پێ دەخرێت.

**کۆتایی نۆڤەمبەری ٢٠٢١**

بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

## نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

حەسەن رازانی، ئاراس رەشید، هەتاو عەبدوڵاهی، عەبدوڵا مەحمود، هیوا سالح، کاوان قادر،جەمال نوری، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، خالید بایەزیدی،حەکیم میرزا، عبدالرحمن رسوڵ....

## لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکان"

## چەند شیعریکی/ خالید بایەزیدی(دلیر)



کۆچبەران
کە خنکان
دەریا...
دەریا...
بوونە ماسی
...............
مەرگ و
ژیان
چەندە هۆگری یەکترن
بەردەوام!
لە یەک
چاو دەتروکێنن
.................
مەرگ و
ژیان
ئەوەندە لەیەک ئەچن
کە جورئەت ناکەم
بژیم....
..............
ئەوەندە درۆمان

لەگەڵ ژیان
کردووە
کە لەبەرچاوی کەوتووین
.............
لە دەریای ئیجە
دوو مورواری یان
دۆزیەوە
پاش لێکوڵینەوە
دیتیان:
ئەوە دووچاوی مورواری
کچێکی کۆچبەرە
...............
تەنیایی یانی:
لە شەقامیکی قەرەباڵغدا
پیاسە بکەیت
بەلام!
هەرتەنیایی
ئازارت بدا
.............
دەنکە شەقارتەیەک
دارستانیکی ئاگر تێ بەردا
دارستان بەچاوە ئاگر و
دوکەڵاوییەکەیەوە وتی:
دار پوازی لەخۆی نەبێ


هەرگیز!.....
ناقڵیشی
...............
کۆ دەکەمەوە
لە لێووەکانی شەقام
بزەو پیکەنین...
تاکوو دابە شی کەم
بەسەر مناڵانی کرێکار
..............
مەرج نییە
بۆ هەڵفرین
باڵ و پەڕت هەبێت
من دیتوومە
کیسەڵەکانیش
هەڵفریوون
...............
چی دەزانین...
لەوانەیە ئەو ماسیانەی کە
ماسی گرەکان دەیانگرن
رۆژێک لە ڕۆژان
کۆچبەرێک ببوون
کە لە بەلەمێکدا خنکابن

## دوا وتە

# لەنێوان ئاڵاو بەهای ئینسان دا

**عەبدولا مەحمود**

لە دڵی خرۆشان و هاتنە مەیدانی ریزی دەیان هەزارکەسی خوێندکاراندا، دەسەڵاتی شپرزەو نابەرپرس وینەی ئاڵایەکی کەوتووی کۆنی ساڵی ٢٠٢٠ ی کردە، پاساو و هێرش بۆسەر خوێندکاران و نارەزایەتییە رەواکەیان، تای کوردایەتی و موقەدەسات!! جەستەی خستنە



سەر ئارەق و هاتوهاواری سزادانی و لێپێچینەوە لەوانەی ئاڵایان خستۆتە خوارەوە و ژێرپێیان خستووە بەرز بۆوە. دەسەڵاتی سیاسی و نۆکەرە وردو درشتەکانیان، بەرپرسە تەسەل و دزو مافیاکانیان، نووسەرە ویژدان مەیوەکانیان، ریزی دەیان هەزار خوێندکار و خواستە زۆر سادەکانیان نەبینی، بەڵام بەدوربینی لیڵەوە، کەیسی ئاڵایەکی کۆنیان زیندوکردەوە.

مافی زەوتکراوی خوێندکاران و خواستی زۆربەی زۆری کۆمەڵگە، خودی ئینسان لای دەسەڵات هیچ بەهایەکی نییە، بۆیە برسیکردن و ماف زەوتکردن، سەرکوت و شەق وەشاندن و شکۆ شکاندن، رفاندن و زیندنیکردن و بەدەستەوە گرتنی رەفتاری بەعسیانە و دیکتاتۆرانە بەرامبەر بە داوای رەویان، بەکارێکی سادەو ئاسایی دەزانن، بەڵام کاردانەوە بەرووی رەمزەکانی دەسەڵاتدا، خستنی ئاڵایەکی بەفەرمی نەناسراو، قوماشێک کەناوی ئاڵایە، بە شکاندنی شکۆی نەتەوە!! دەقەبلێنن. کوشتنی نەتەوەو و هاوڵاتیانی، هەرزان فرۆشکردنی نەتەوەو خواستەکانی بە درندەترین وڵاتانی چنگ خوێناوی ناوچەکە، خستنە ژێرپێی ئیرادەی نەتەوە، بۆیان ئاسییە، بەڵام لەبەرامبەر کەوتنی ئاڵادا بەدەستی کەسانێک کە لەژێر ئەو ئاڵایەدا، نان و ئاو و کارو ئازادی و ماف و خزمەتگوزاری و ئیرادەیان وردکراوە، گڕ دەگرن.

کاتێک ئینسان ئازاد نەبێت و بەهای بۆ دانەنرێت، ئاڵا بێ بەهاترین شتە. تەنانەت ئەگەر ئەو ئاڵایە رەمزی سەربەخۆی و جێگا رەزامەندی جەماوەری و لەئاستی دنیاشدا بە فەرمی ناسرابێت. دیارە ئاڵای کوردستان، نە بژاردەی جەماوەرییەو نە ریفراندۆمێکی بۆکراوە و نە سیمبولی سەربەخۆی و دەستڕاگەیشتن بە دەوڵەت بووە، بەڵکو

بۆ لاپەڕە 12

**جیهان بە بێ بانگەواز بۆ سۆشیالیزم، بە بێ ئومێد بە سۆشیالیزم، بە بێ هەڕەشەی سۆشیالیزم، ئەگۆڕێت بەچ لیتاوێک....**